کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٦٠ -خاکەلێوەی ١٤٠٤-ئاوریلی ٢٠٢٥

## سەروتار

### دادگایی کردنی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی و مەدەنی مەحکوومە

حەوت چالاکوانی کرێکاریی و مەدەنی شاری سنە، لە لقی یەکی دادگای ئەم شارە دادگایی کران. ڕۆژی دووشەممە نۆزدەی خاکەلێوەی ١٤٠٤، سەید خالید حوسێنی، جەمال ئەسەدی، ئێقباڵ شەبانی، فەردین میرەکی، شەیس ئەمانی، فەرشید عەبدوڵاهی، ئارمان سەلیمی و سوسەن ڕازانی، هەشت چالاکوانی کرێکاریی و مەدەنی شاری سنە، بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» و «تێکدانی نەزم و ئاسایشی گشتی» لە لقی یەکی دادگای ئیسلامی شاری سنە دادگایی کران. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، بابەتگەلێکی وەک هەڵگرتنی هێماکانی سەر بە کۆمەڵە، خوێندنی سروودی «ئەنتەرناسیۆناڵ» و سرووده سیاسییەکانی تر و هەروەها بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی دایە فەراسەت (جەعفەر قشلاقی) یەکێک لە دایکانی دادخوازی بزووتنەوەی شۆ ڕ شگێ ڕ ا نە ی کوردستان، لە زومرەی نموونە ئاماژەپێکراوەکان لە دۆسیەی ئەم چالاکوانانە ناو براون. لە پڕۆسەی دادگاییکردندا، تۆمەتباران هەموو تۆمەتەکانیان ڕەتکردەوە و بەرگرییان لە چالاکییە پیشەیی و مەدەنییەکانی خۆیان لە بوارەکانی کرێکاری، ژینگەیی و کۆمەڵایەتیدا کرد. بەپێی سەرچاوە ئاگادارەکان، ناوبراوان ئەم چالاکیانەیان لە چوارچێوەی مافە یاسایی و هاوڵاتیبوونی خۆیاندا زانیوە.

شایانی باسە پێشتر، لێکۆڵینەوەی ئەم کەسانە لە بەفرانباری ١٤٠٣ لە دادسەرای شۆڕشی سنە بەڕێوەچوو و پاش پێڕاگەیاندنی تۆمەتەکانیان، هەموویان بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوون

گوشار خستنە سەر هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاریی لەم دەورەیەدا بەشێکە لە سیاسەتێکی ئاگاهانە و بەرنامە بۆ داڕێژراو کە ئامانجی درێژ ماوەتری هەیە. ئەم ڕژیمە کە لە گێژاوی قەیرانێکی ئابووری و سیاسیدا گرفتارە، نیگەرانی پەرەسەندنی خەباتی کرێکاریی و جەماوەری و کاریگەری پێشڕەوانی خاوەن نەفووزی

درێژە لە لاپەڕەی ٢



### بۆ ڕێزگرتن لە ٣٧ەمین ساڵیادی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و پێشمەرگەکانی گردانی شوان

لە لاپەڕەی ٢




### دایکانی دادخواز، داغدار بەڵام جەسور و تێکۆشەر

لە لاپەڕەی ٨



### پێویستی پەرەسەندنی خەبات دژ بە دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لە ئێران

لە لاپەڕەی ٧

### ڕێکخستنی مانگرتنی گشتی و سەراسەری شێوەکارێکی خەباتکارانەی کاریگەر

لە لاپەڕەی ١١

### توندوتیژی دژ بە ژنان سووکایەتییە بە مرۆڤایەتی

لە لاپەڕەی ٨

## درێژەی سەروتار

ئەم بزووتنەوەیە لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو. ڕژیم بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسی تۆفانێکی کۆمەڵایەتی کە لەڕێدایە، پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی و هەڵسووڕاوانی بوارە کۆمەڵایەتییەکانی کردووەتە ئامانجی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی خۆی. ئەو ڕژیمە بە توندکردنەوەی گوشار بۆسەر هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاریی، دەیەوێت ئەوان لە چالاکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی دوور بخاتەوە و بەمجۆرە هەوڵدەدات بزووتنەوەی کرێکاریی لە بوونی ئەم تێکۆشەرانە کە بەرهەمی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە چەند ساڵی ڕابردوودان، بێبەش بکات. هەمووان دەزانن کە چینی کرێکار بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو خەباتە چینایەتییەی کە لەڕێدایە، چەندە پیویستی بە بوون و حزووری ئەم هەڵسووڕاوانە هەیە. هەر بۆیە بۆ پاشەکشە پێکردن و شکست هێنان بەو سیاسەتە، پیویستە لە دوو ئاستی دیاریکراودا هەوڵ بدرێت

**یەکەم**، ڕێبەران و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی کە لە جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەدا خەبات دەکەن، پێویستە بە وشیاری و بە دوربینییەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم سیاسەتەی ڕژیم هاوئاهەنگ و بە بەرنامەوە هەنگاو هەڵبگرن. ڕێبەران و پێشڕەوانی سۆسیالیست و ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کرێکاریی، پێویستە بەرامبەر بەم سیاسەتەی ڕژیم لە هەر دەستکەوتێکی تا ئیستای خۆیان، کە لە پێناو بە دەست هێنانی هەر زەرەیەکیدا زیندان و ئەشکەنجە و گەلێك ڕەنج و ئازاریان دیتووە، پارێزگاری بکەن. ئەو پێوەندیانەی کە بە شێوەی ڕێکخراو لە هەر چوارچێوەیەکدا پێکیان هێناوە لە ژێر ئەم گۆشارانە دا نەیشێوێنن و هاوپشتی کرێکاری و هاوڕێیەتی چینایەتی خۆیان توندوتۆڵتر لە هەمیشە بپارێزن و پتەوتری بکەن. خەباتی کرێکاران نەوەیەکی نوێی لە هەڵسووڕاوانی پێشڕەو لە هەناوی خۆیدا پەروەردە کردووە، نابێت ڕێگا بدرێت کە ڕژیم بە گوشار خستنەسەریان، ئەوان لە شوێنی کار و خەباتی خۆیان دوور بخاتەوە. هەبوونی تۆڕێکی لە یەك هەڵپێکراو لە هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە شارەکان و ناوەندە کرێکارییەکان کە پێوەندی بەربڵاویان لەگەڵ یەکتر هەیە، لە زومرەی دەستکەوتەکانی دیکەی بزووتنەوەی کرێکارین کە لەپێناو سەرتاسەری کردنەوەی خەباتی داهاتووی کرێکاران پیویستە بپارێزرێت. پاراستن و پتەوکردنی ئەم دەستکەوتە پڕ بایەخانە و پاشەکشەکردن بە ڕژیم، پێویستی بە هەڵسووڕانی یەکگرتووانەی هەموو ڕێکخراو و ناوەندە سەربەخۆ کرێکارییەکان و مەیل و بۆچوونی جۆراوجۆری چەپی ناو بزووتنەوەی کرێکارییە

**دووهەم**، هەلومەرجی هەستیاری ئەمڕۆ ئەوەی لە هەموو حیزبە سیاسیی و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ناوەندەکانی دیفاع لە بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها ڕێکخراوەکانی دیفاع لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران و کۆمەڵی بەرینی هەڵسووڕاوانی سەربەخۆی چەپ و کۆمۆنیست دەوێت کە، سەرەڕای هەر چەشنە جیاوازییەك کە لەگەڵ یەکتر هەیانە ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی یەکگرتووانە بۆ تێکشکاندنی ئەم سیاسەتەی ڕژیم بێنە مەیدان. ڕێکخستنی خەباتێکی بەربڵاو و بەڕێوەبردنی کەمپەینێکی سیاسی و تەبلیغاتی یەکگرتووانەی بەرین دژ بە سیاسەتەکانی ڕژیم، گەلێك کاریگەرترە لە هەڵسووڕانی بە تاک و ئاکسیۆنی جیاوازی ئەم یان ئەو لایەن. تەنیا لەم ڕێگایەوەیە کە ڕژیم دەکەوێتە ژێر گوشارێکی جیدییەوە. هێزەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران بە وەها کارێکی هاوبەش و بە هاوکاری یەکتر و درێژە پێدانی، دەتوانن لە هەمان کاتدا کە سەربەخۆیی حیزبی و ڕێکخراوەیی خۆشیان دەپارێزن، بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، لە بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوودا دەربکەوەن. تەنیا لەم ڕێگایەوەیە کە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران دەتوانێ بە قەدەر ئەو قورساییە کۆمەڵایەتییە واقعییەی کە هەیەتی، خۆی نیشان بدات

****

# بۆ ڕێزگرتن لە ٣٧ەمین ساڵیادی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و پێشمەرگەکانی گردانی شوان

٣٧ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتژمێر یازدە و ٣٥ خولەکی سەرلەبەیان ڕۆژی ١٦ی مارس، چەند فڕۆکەیەکی بۆمب هاوێژی ڕژێمی بەعسی عێراق بە ڕێبەرایەتی سەدام حوسێن، لە ئاسمانی شاری بچووکی هەڵەبجە لە کوردستان دەسووڕانەوە و یەکەم بۆمبە کیمیاییەکانی خۆیان بەسەر منداڵان، ژنان، پیاوان، گەنجان و بەساڵاچووانی شارەکەدا باراند. لە هەمان سەعاتەکانی سەرەتای ئەو ڕۆژە شوومەدا، زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە خەڵکی هەڵەبجە گیانیان لەدەستدا یان بریندار و ژەهراوی بوون. هەڵەبجە بووە هیرۆشیمای کوردستان و برینێکی سەختی لەسەر جەستەی خەڵکی کوردستان بەجێهێشت. حکوومەتی بەعس، گەلێک تاوانی لە دژی خەڵکی عێراق ئەنجامدا، بەتایبەت لە کوردستان و لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی بەدناوی ئەنفالدا، هەزاران کەسی ئێعدام کرد و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لە ناوەڕاستی عێراق بەخاکی سپاردن، شارەکان و چەندین هەزار گوندی وێران کرد و خەڵکەکەی بەوپەڕی دڕندەییەوە لە کەمپە زۆرەملێکاندا، کە زۆرتر لە پادگانێکی سەربازی دەچوون، نیشتەجێ کرد سەدام حوسێن و حکوومەتی بەعسی عێراق لە کاتێکدا تاوانی مرۆییان لە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجامدەدا کە دوو وڵاتی زلهێزی ئەو کاتە، واتە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیوەندی سیاسی، بازرگانی و تەنانەت فەرهەنگی زۆریان لەگەڵ حکوومەتی بەعس هەبوو. لە جەریانی شەڕ دژی خەڵکی کوردستان و شەڕی ئێران و عێراقدا، حکوومەتی سەدام حوسێنیان لە بەرامبەر دۆلارەکانی نەوتی عێراقدا، بە هەموو جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ تەیار کرد. دەوڵەتەکان و کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان، کە ئیدیعای دێموکراسی و مافی مرۆڤیان دەکرد، لە تەیارکردنی سەدام حوسێن و حکوومەتی بەعسی عێراق بە چەکی کۆمەڵکوژ و کیمیاییدا بەشدار بوون و بەبێ هاوکاری ئەوان و بێدەنگی دواتریان لە بەرامبەر بەکارهێنانی ئەو چەکەدا، تاوانەکانی هەڵەبجە، ئیمکانی نەدەبوو. لە جەریانی بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەدا ئەوەی کە بە کۆمەڵگای جیهانی ناودەبرێت لە بەرامبەر تاوانەکانی سەدام حوسێن و بۆمبارانی کیمیایی شارێک بە هەموو دانیشتوانییەوە، بێدەنگ بوون. تەنانەت لە ساڵەکان و دەیەکانی دوای ئەم تاوانانەش، لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەقینە، لە دژی ئەو حکوومەت و کۆمپانیانەی کە لە دروستکردنی بۆمبی کیمیاییدا، یارمەتی حکوومەتی بەعسیان دابوو، نەکرا و بێدەنگیان هەڵبژارد و بەڵگەکانیان شاردەوە

ئەمڕۆ و دوای گیان لەدەستدانی پێنج هەزار کەس لە شاری هەڵەبجە لە کوردستان و لە سی و حەوت ساڵ لەمەوبەر، وڵاتەکانی کۆمەڵگای عەرەبی، پشتیوانانی سەدام حوسێن لە ڕۆژئاوا و کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان، بەڵگەکانی هاوکارییان لەگەڵ حکوومەتی بەعس شاردووەتەوە و تەنانەت لە ئاستی میدیاییشدا باسی لێوە ناکەن. ئەگەرچی ئەو باڵندە و گیانلەبەرانەی کە لە بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەدا مردن، گۆڕ و نیشانەیان نییە، بەڵام لەوانەیە هەرئێستاش کەوە خۆشئاوازەکانی ئەو دەڤەرە، ئاوازی خەمگین بخوێنن بۆ ئەو پەلەوەرانەی کە لەگەڵ پێنج هەزار مرۆڤدا بوونە قوربانی بۆمبارانی کیمیایی. کاتژمێر یازدە و سی و پێنج خولەکی وەها ڕۆژێک، لە سی و حەوت ساڵ لەمەوبەردا، لە مێژووی تاوانەکانی شەڕدا دەمێنێتەوە، خەڵکی هەڵەبجە و کوردستان شارەکەیان سەرلەنوێ ئاوەدان کردەوە و سەدام حوسێن و حکوومەتی بەعس لە گۆڕدا ڕزین

ئەم ڕۆژانە هەروەها ساڵیادی گیان لەدەستدانی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان یەکێک لە گوردانە لێهاتوو و قارەمانەکانی کۆمەڵەیە. ئەم پۆلە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لە کاتی ڕوودانی هێرشەکە بۆسەر ناوچەی هەڵەبجە، لە گوندی سنووریی بیارە لە حاڵی پشوودان بوون و بە دەستپێکی هێرشەکە، بە مەبەستی خۆ دەربازکردن لە ناوچەی شەڕەکە، گوندەکەیان بەجێهێشت و ڕێگایەکیان بەرەو پشتی بەرەکانی شەڕ گرتەبەر. بەڵام لەم ڕێگایەدا تووشی دوو کێشەی سەرەکی بوونەوە، یەکەم ئەو گازە ژەهراوییەی کە لە فەزای ناوچەکەدا بڵاوبووەوە، کاریگەری لەسەر ئەوانیش کردبوو و توانایی جووڵەی ئەوانی بە توندی کەم کردبووەوە و دووەم ئەو پردەی کە دەیتوانی ڕێگای پاشەکشەیان بێت بەرەو پشتی بەرەکانی شەڕ، کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕژێمی ئێران و تێکدرابوو. هیچ ڕێگایەک بۆ پێشمەرگەکانی گوردانی شوان نەمابووەوە جگە لە پاشەکشە بەرەو دەریاچەی سیروان، شوێنێک کە هێزەکانی کۆمەڵە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

درێژه ی لاپەڕەی٢

لەوبەری دەریاچەکە چاوەڕێی ئەوانیان دەکرد. هەوڵی هێزی یارمەتیدەر بۆ ناردنی بەڵەم، بە ئاکام نەگەیشت و چەند کەس لە هاوڕێیان لەم ڕێگایەدا گیانیان لەدەستدا. لە وەها دۆخێکدا بوو کە گوردانی شوان لە قامیشەڵانەکانی تەنیشت دەریاچەکە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم تووشی شەڕ بوون و پێشمەرگە ماندوو و بریندارەکان، لە شەڕێکی سەخت و نابەرابەردا، تا دوایین فیشەکەکانیان شەڕیان کرد. ژمارەی قوربانییەکانی ئەم ڕووداوە، ٦٨ کەس بوون کە ١٢ کەسیان بە دیلی کەوتنە دەستی دوژمن و دواتر ١١ کەسیان دوای تەحەمولی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر، لە زیندانی ڕژێمی ئیسلامیدا ئێعدام کران لە ٣٧ەمینساڵیادی بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و گیان لەدەستدانی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان و هەزاران کەس لە خەڵکی شار و ناوچەی هەڵەبجە، یاد و بیرەوەرییان بەرز ڕادەگرین. بە هیوای ڕۆژێکی کە ئەو شەڕ و ئەشکەنجە و زیندان و هەژاری و نایەکسانییەی کە سیستەمی سەرمایەداری هۆکار و سەبەبکاری مانەوەیەتی، جێگای خۆی بدات بە ئاشتی، ئازادی، خۆشگوزەرانی و یەکسانی مرۆڤەکان، کە ئامانج و ئارمانی هاوڕێیانی گیانبەختکردوی گوردانی شوان بوو

****

# پەیامی نەورۆزی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
## بە بۆنەی نەورۆزی ١٤٠٤



**سڵاو لە وەرزی گەشانەوە،**
**سڵاو لە وەرزی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین!**
**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**کرێکاران، خەڵکی زەحمەتکێش،**
**ئازیزانی بنەماڵەی گیانبەخت کردوان،**
**هاوڕێیانی هەڵسووڕاوی ڕێبازی کۆمەڵە لە هەر شوێنێک کە هەن!**
**تێکۆشەرانی زیندانی لە سیاچاڵەکانی ڕژێم!**
**نەورۆز و ساڵی تازەتان لێ پیرۆز بێ. هیوادارین لە ساڵی نوێدا، غەم لە ژیانتان دوور و ڕۆژانێکی پڕ لە شادی و ئاسوودەیی چاوەڕێتان بێ.**

هیوادارین، ساڵی نوێ ساڵی سەرکەوتنی گەورە و ساڵی وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی شەریف و ئینسانیتان بێ

ئازیزان

نەورۆز، هێمای خەباتی ڕووناکی دژی تاریکی، وەبیرهێنەرەوەی سەرکەوتنی بێداریە بەسەر بێدەنگیدا. ئەمساڵیش، ئاگری نەورۆز لە سەرتاسەری کوردستان بڵێسە دەدات تاکو دەنگی ئازادیخوازی و داوای گۆڕان بگەیەنێتە گوێی جیهان. گڕی ئەم ئاگرەی کە لەم نەورۆزەدا بڵێسە ئەسێنێ لە هەمان کاتدا هێمای ئەو ئاگرەیە کە لە دڵی ئێوەدا زیندووە بۆ بونیات نانی جیهانێکی باشتر نەورۆز لە کوردستاندا، بەم جۆش و خرۆشەی کە بەڕێوە دەچێت تەنها جەژنێکی ساکار نییە؛ بەڵکو ڕاهێنان و خۆسازدانێکە بۆ سبەینێک کە تێیدا جەماوەری خەڵکی تینووی ئازادی، چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دەنووسێتەوە ئامادەبوونی پڕشکۆی ئێوە لە ڕێوڕەسمەکانی ئەم ساڵی نەورۆزدا، لە ژن و پیاو و پیر و لاو، دەست لە ناو دەستی یەک ئەو پەیامەی پێیە: کە هیچ هێزێک ناتوانێت ئیرادەی گەلێک کە هەستاوەتە سەر پێ، تێک بشکێنێت. ئەم کۆبوونەوە جەماوەری و شکۆدارانە، پێشەکییەکن بۆ کۆبوونەوەی گەورەتری سبەینێ، ئەو ڕۆژەی کە دەرفەتی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆتان، هی ئێوە دەبێت.

ئێمە دەزانین ئێوە کە ئاوا بە جۆش و خرۆشەوە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەرپا دەکەن لە چ بارودۆخێکی دژواری ژیاندان. هیچ وشەیەک ناتوانێ قورسایی ئەو کارەساتەی کە گرانی و بێکاری و نەبوونی و هەژاری بە سەر زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتەی دا سەپاندووە بەیان بکات ئێمە باش دەزانین شادی نەورۆزانەی ئێوە ڕیشەی لە تووڕەیی پنگ خواردووی گەلێک دایە کە ئەم ژیانە بە شایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە نازانێ و پەیامێکی ڕوونی پێیە بۆ دوژمنانی ئەو خەڵکە کە: بترسن لەو ڕۆژەی کە خرۆشی جەماوەر هەر لەو ئاستەدا و بەرین تریش بێتە مەیدان و ئەو جار ڕاستەوخۆ لە دژی ئێوە ئەکەوێتە ڕێ و تەخت و بەخت و ژیانی فیرعەونیتان تێکەوە دەپێچێت

ئازیزان

هەموو نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەل و مەرجێکی سیاسی نوێ لە ئێران هاتووەتە کایەوە. واتە ئەگەر نەك لە هەموو ژیانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەڵکو هەر لەو یەک ساڵەی کە تێپەڕمان کرد وردبینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەم بارودۆخی ناوخۆی دەسەڵات وەکوو جاران نەماوە هەم هاوسەنگی هێز بە قازانجی جەماوەر گۆڕاوە. لەو ڕۆژەوە کە شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە چەخماخەی لێدرا تا بە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە هەنگاوی گەورەی بەرەوپێش هەڵگرتووە و گەلێک ئەزموونی بە نرخی وەدەست هێناوە. ئەو ئەزموونانەی کە دەبن بە پاڵپشتی حەرەکەتی داهاتوومان. چەند تایبەتمەندی بەرجەستە بۆ ئەو بارودۆخە بەدی دەکرێ: یەکەم، جەماوەری خەڵک ئیتر چاوەڕێی هێزێکی نەجاتبەخش نین کە لە شەوێکی تاریک دا لەو دیوی سنوورەکانەوە بێتەوە و ڕزگاریان کات، ئەوان خۆیان ئەو هێزەن، کە دەتوانن بە ڕۆژی ڕووناک جێگا بە ڕژێمی ئیسلامی لە هەموو کوردستان تەنگ بکەن دووهەم، نە ئەمریکا و نە هیچ زلهێزێک عاشقی چاو و برۆی خەڵکی ئەو وڵاتە نین، ئەوان بە شوێن بەرژەوەندی خۆیانەوەن و بەرژەوەندی ئەوان لە گەڵ بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە یەک نییە هەرگیز ئازادی و ژیانی باشتر ناتوانێ بەرهەمی دەست تێوەردانی جینایەتکارێک وەکوو ناتانیاهو و ڕەوش فاشیستێکی وەکوو ترامپ لە وڵاتە بێت. واتە ئەوەی بە دەستی خۆمان و بە شان و پیلی خۆمان و بە خەباتی خۆمان بەدەستی نەهێنین بە دەست نایەت سێهەم، کۆماری ئیسلامی لەوەها بن بەستێک دا گیری کردووە کە ڕێگەی دەرباز بوونی نییە. ئامرازەکانی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ جەماوەری ناڕازی کول و ناکارا بوون. بگیرو ببەند و هێز نواندن و هەڕەشە و ترساندن، کاریگەری نەماوە، خەڵک بوێر و چاونەترسن و لە بەرانبەر ئەو تاکتیکانەی ڕژێم دا پاشەکشە ناکەن چوارەم: حەرەکەتەکان، یەک لە دوای یەک و نەپساوەن، لە ناڕەزایەتی دەربڕینێکەوە و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینێکی تر، لە مانگرتنێکەوە بۆ مانگرتنێکی تر. ئەوە سەرهەڵدانی تەریک کەوتووی شارێک نیە کە لە ڕووی هەڵچوونی لافاوی تووڕەیی جەماوەر بە هۆی سیاسەت یان کردەوەیەکی دیاریکراوی ڕژێم ڕووی دابێ، بەڵکوو وەکوو ئاڵقەکانی زنجیرێک پێکەوە گرێ دراون. ئەوە تۆپەڵە بەفرێکە کە لە هەورازیەکەوە کەوتووەتە ڕێ و ڕنووێکی گەورە لە ڕێ دایە. ئەم خەباتە لە هەمان کات دا کە پەرە دەستێنێ، بەرە بەرە قووڵتریش دەبێتەوە. قووڵتر بوونەوە، بە مانای ئەوەیە کە ڕوو دەکاتە گیروگرفتەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی ئابووری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشەوە لەم بوارەدا ڕژێم نە دەتوانێ و نە دەیەوێ ئاڵ و گۆڕێک لە ژیان و گوزەرانی خەڵک دا پێک بێنێ. لێرەدا ڕژێم ئیمکانی فریودان و چاوبەستنی خەڵکی نیە. بەڵێنی ئەمڕۆ بۆ سبەینێ بۆ بنەماڵەیەکی کرێکاری کە منالیان ڕەش و ڕووتە و نان لە سفرەیان دا نیە و هەشتیان لە گرەوی نۆیان دایە، بڕ ناکات. خەڵکی کۆڵنەدەری کوردستان ئەوە باوەڕ بکەن، هەر شەوێکی تاریکی ستەم، بەرەبەیانێکی ڕووناکی ئازادی بە شوێنەوەیە. مێژووی خەباتی گەلانی ئازادە و مافخواز لە سەرانسەری جیهاندا، شایەتیدەرە کە: پەتی زوڵم لە ئەستووری دەپسێ، ئەستێرەکان لە ناخی تاریکی دا هەڵدێن و ڕووناکی دەبەخشن خۆڕاگری کچانی ئازا و بوێر کە بە دروشمی ژن ژیان ئازادی پرچیان بەدەم با دا ڕەها دەکەن، دروشمە پڕ ماناکانی شۆڕەکوڕانێک، کە ئەو نیزامە ئاسۆی دوارۆژیان لێ لێڵ کردوون، نیشان دەدات کە نەوەی نوێ شان بە شانی کرێکارانی وشیار و پێشڕەو بە هیوایەکی پتەوەوە باری ئەم ڕێگایە بە شان هەڵدەگرن. ئێوە فێر بوون کە تەنانەت لە سەختترین زستانەکاندا، ڕەگی ئازادی لە قووڵایی خاکدا زیندوو دەمێنێتەوە و بە گەیشتنی بەهار، چرۆ دەکات. ئەمساڵ، نەورۆز بۆ خەڵکی کوردستان واتایەکی قووڵتری هەیە. کۆبوونەوە ملیۆنییەکانی ئێوە لە گۆڕەپانی شار و دێهاتەکاندا، بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و بە سەمای جوانی هونەرمەندانەوە تەنها جەژنێک نییە؛ بەڵکو نومایشی یەکێتی و ناسنامەی بەکۆمەڵی ئێوەیە. ئەم وێنەیە، نەخشێکە لە داهاتوویەک کە تێیدا مافی بەڕێوەبردنی ژیان، هی جەماوەری خەڵکە و بڕیارەکان لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا، بە هاواری "ئێمە دەمانەوێت" دەدرێن. ئێوە سەلماندووتانە کە نەورۆز دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ نیشاندانی ئیرادەی ئێوە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و یەکسان و بەختەوەرانە بۆ هەموان خەڵکی تێکۆشەر و کۆڵنەدە هەروەک چۆن دارە بەڕووەکانی زاگرۆس بە ڕەگە قووڵەکانیانەوە لە بەرامبەر ڕەشەباکاندا ڕاوەستاون، ئێوەش بە خەباتی بێ وچانتان لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا گڕی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانتان

درێژە لە لاپەڕەی ۴

پێشڕەو



دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٠ -خاکەلێوەی ١٤٠٤ - ئاوریلی ٢٠٢٥

درێژە ی لاپەڕەی ٣

کڵپە سەندوو و ڕاگرتووە، هەر واش بەربەستی زۆرداری دەشکێنن و سەهۆڵبەندانی ستەم بە ئاگری خەبات و سەرهەڵدانتان دەتوێننەوە. هەر ئاورێکی نەوروز کە هەڵیدەکەن، خۆرێکی بچووکە لەسەر تاریکییەکان. هەر کچێک کە بە قژی پەرێشان و دەنگ و ئاهەنگی زوڵاڵ و دڵپەزێرەوە هەڵدەپەڕێت، نیشانەی سەرکەوتنی ژیانە بەسەر مەرگدا. ئەوە لەبیر مەکەن: هیچ ستەمێک بەردەوام نییە، چونکە حەرەکەتی مێژوو، بە قازانجی گەلانێکە کە دانانیشن نەورۆزی ئەمساڵ، مژدەبەخشی سبەینێکە کە تێیدا بەڕێوەبردنی شار و گوندەکان نەک بە فەرمانی سەرەوە، بەڵکو بە ژیری بەکۆمەڵ و هەڵبژاردنی جەماوەر دیاری دەکرێت کاتێک دەبینین ملیۆنەها کەس لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێراندا، بێ ترس لە سەرکوت، لە شەقامەکاندا کۆدەبنەوە، دەزانین کە ئەمە تەنها سەرەتای ڕێگایە. ئەم وێنەیە، داهاتوو دەخاتە بەردەممان: داهاتوویەک کە تێیدا شوراکانی جەماوەر و سندووقەکانی دەنگدان، جێگرەوەی چەکەکان دەبن و جەماوەر، نەک لە ڕۆڵی تەماشاکەر، بەڵکو لە پێگەی بڕیاردەرانی سەرەکیدا دەر دەکەون خەڵکی خەباتکاری کوردستان بەهار هات تاکو بیسەلمێنێت کە پاش هەر زستانێک، ژیان دووبارە دەست پێدەکاتەوە و هیچ هێزێک ناتوانێت خۆر لە هەڵهاتن بوەستێنێت با ئەمساڵ، ئاگری نەورۆز، سووتێنەری زنجیری زۆرداری بێت و سەوزایی سروشت هێمای شین بوونی هەنگاوە پتەوەکانتان بەرەو ئازادی بێت

**با بەهاری ئەم جارەمان پێشەکی بەهاری ئازادی بێت، با ساڵی نوێ، ساڵی کۆتایی شەوی تاریک و دەستپێکی بەرەبەیانی دەسەڵاتی جەماوەر بێت.**

**نەورۆزتان پیرۆز و هەموو ڕۆژێکتان، نەورۆز بێت!**

****

# پەرەسەندنی هیوا، لە ناوچەیەکی ژێر سێبەری شوومی شەڕدا

# گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە ئێران و وڵاتەکانی دراوسێ

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)

### یەکەم- نەورۆزی ١٤٠٤، هێمای خۆڕاگری بەرامبەر بە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی

نەورۆزی ئەمساڵ لە ئێران، نەک هەر جەژنێکی نەریتی، بەڵکوو بوو بە مەیدانی نمایشی خۆڕاگریی مەدەنی لە دژی سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی. نەورۆزی ئەمساڵ لە ئێران، نەک تەنها مژدەبەخشی بەهاری سروشت، بەڵکوو تروسکەیەکی هیوا بوو بە "بەهاری ئازادی" لە بەرامبەر زستانی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا. جەژنی نەورۆز، لەسەر بەستێنی قەیرانە قووڵە سیاسی-ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان (هەژاری بەربڵاو، هەڵاوسانی بەردەوام، بێکاری، بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان) و سەرکوتی سیستماتیک (ئیعدامەکان، زیندان و ئەشکەنجە)، بوو بە گۆڕەپانی خۆڕاگریی مەدەنی. ژنان و پیاوان لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، لەوانە (چوارشەممە سووری، پێشوازی لە نەورۆز، ڕێوڕەسمی ساڵی نوێ و سێزدەبەدەر) بە سەما و هەڵپەڕکێی بەکۆمەڵ و بەشداری بەرچاوی ژنانی ئازادپۆش، یاسا دژە ژنەکانیان بردە ژێر پرسیار و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان زیندوو ڕاگرت ڕژێمی داماو و سەرلێشێواوی ئیسلامی، سەبارەت بە پرسی نەورۆز، ئاراستەیەکی دووفاقی گرتەبەر: لە هەندێک ناوچەی کوردستان بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی قبووڵ کرد، بەڵام لە شارە هەستیارەکانی وەک سنە بە حزووری بەربڵاوی هێزە ئەمنیەتییەکان، ڕێگری لە کۆبوونەوەکان کرد. لە ورمێ، هاوکاتبوونی نەورۆز لەگەڵ بۆنەیەکی ئایینی، بوو بە بیانوویەک بۆ دام و دەزگا ئەمنیەتییەکان بۆ ئەوەی ئاگری گرژی و ناکۆکییە نەتەوەییەکان، هەرچی زیاتر باوەشێن بکەن. سەرەڕای گوشارە ئەمنیەتییەکان، بابەتی ڕێکخستنی ناناوەندی جەماوەریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان، سەرکەوتوو بوو. تۆڕە خۆجێییەکان و چالاکوانانی مەدەنی توانیان ڕێوڕەسمەکان لە دەیان شوێن بە شێوەیەک هەماهەنگ بکەن کە ئەم ڕێوڕەسمانە لە سێ هەفتە پێش لە کۆتایی ساڵەوە تا ١٣ی خاکەلێوەی ساڵی نوێ، بەردەوام بێت. ئەم ئەزموونە نیشانەی بوونی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە لە کوردستان کە بەدەر لە کۆنترۆڵی حکومەت کار دەکەن. لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێرانیش لەوانە (تاران، ئیسفەهان، مەشهەد، شیراز، ڕەشت و یەزد) ڕێوڕەسمی نەورۆز بە بەشداری جەماوەرێکی بەرچاو بەڕێوەچوو، هەرچەند ڕژێم هەوڵی دا بە بەڕێوەبردنی نمایشی پڕ زەرق و بەرق، بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی خەڵک بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە ئەم ڕووداوە جەماوەریانە، دەربڕی دوو واقیعییەتی سەرەکی بوون: یەکەم، بێتوانایی کۆماری ئیسلامی لە کۆنترۆڵکردنی شێوازە ناڕاستەوخۆکانی خۆڕاگریی و دووەم، پێکهاتنی جۆرێک لە توانایی و پۆتانسێلی ڕێکخراوەیی جەماوەریی، کە دەتوانێت لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕێت. نەورۆزی ١٤٠٤ نەک تەنها تروسکاییەکی هیوا بە "بەهاری ئازادی"، بەڵکوو هۆشدارییەکە بە دەسەڵاتداران سەبارەت بە توانایییە لەبن نەهاتووەکانی ڕێکخستنی مەدەنی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا. نەورۆزی ١٤٠٤ هەڵگری پەیامێکی ڕوون بوو: کۆمەڵگای ئێران، سەرەڕای هەموو سەرکوتەکان، بە ئاراستەی "ڕێکخستنی گشتی" و "تێپەڕبوون لە حکوومەتی سەرەڕۆ" هەنگاو دەنێت. ئەم گۆڕانکارییە، نەک هەر خەون و خەیاڵ نییە، بەڵکوو ڕاستییەکە کە لە شەقامەکان، قوتابخانەکان، کارخانە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئارادایە. بەهاری ئازادی، هەرچەند درەنگ، بەڵام لەڕێدایە

### دووەم – بنبەستی وێرانکەری سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، بە ڕێبەرایەتی ئیدئۆلۆژیکی خامنەیی، گەیشتووەتە خاڵی هەرەسهێنان. گۆڕینەوەی نامەکانی ئەم دواییانەی نێوان بەرپرسانی ڕژێم و دەوڵەتی ترامپ، نیشاندەری هەڵوێستی لاوازی ئێرانە لە بەرامبەر گەمارۆی توند و هەڕەشە سەربازییەکانی ئەمریکادا. ئابووری ئێران بە هەڵاوسانی بەردەوام، دابەزینی بەهای دراوی وڵات و قەیرانی دابینکردنی کارەبا، گاز و ئاو، لە بەردەم هەرەسهێنانی تەواودایە. ئەم بارودۆخە، ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە سەرکێشییە ناوچەیی و لەدەستدانی دەرفەتە دیپلۆماتیکەکانە. لەم ساڵانەی دواییدا، دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شکستی بەردەوام و یەک لە دوای یەک بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە "مێحوەری خۆڕاگریی" ناوی دەبەن، ئەمڕۆ بە ڕادەیەک لاواز بووە کە چیتر ناتوانێت بچووکترین خزمەت بە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بکات. ئەم بارودۆخە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتە سەرکێشانەیە کە لە دەیەکانی ڕابردوودا بەڕێوە چووە و ئەمڕۆ ئێرانی خستووەتە ناو بنبەستێکی بە تەواو مانای سیاسی و دیپلۆماتیکەوە. هێزە بە وەکالەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە سەردەمێک بڕیار بوو، پێگەی بەهێزی ئێران بن لە ناوچەکە، یەک لە دوای یەک، یان شکستیان خواردووە یان گورزی کاریگەریان بەرکەوتووە. لە سووریا، سەرەڕای پشتیوانی بێ سنووری کۆماری ئیسلامی و بەکوشتدانی هەزاران کەس لە هێزەکانی، نەیتوانی دەسەڵاتەکەی ڕژێمی بەشار ئەسەد بپارێزێت. لە عێراق، نفووز و کاریگەری ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە و گرووپەکانی حەشدی شەعبی لەگەڵ کۆمەڵێک ئاڵەنگاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەرەوڕوو بوونەتەوە. لە یەمەن، حووسییەکان کەوتوونەتە ژێر گوشاری توندی سەربازی و ئێستا لەگەڵ هێرشی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئەمریکا ڕووبەڕوون سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە وزەی ناوەکیی، نەک هەر نەیتوانی کارەبا و وزەی پێویست بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری بهێنێت، بەڵکوو گەمارۆی ئابووری و چەندین گەمارۆی وێرانکەری دیکەی بە دوای خۆیدا هێناوە کە ژیانی زۆربەی خەڵکی ئێرانی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ناتەبایی ئاشکرای نێوان ئیدیعای "مافی بێ ئەملاو و ئەولای ئێران" بۆ دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆژیای ناوەکی و بێتوانایی لە دابینکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی وزەی وڵات، بەیانگەری ناکارامەیی ئەم سیاسەتەیە بەرهەمە مووشەکییەکانی ئێران کە بڕیار بوو لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکاندا ڕۆڵی بەرگریکاریان هەبێت، بە پێچەوانەی ئیدیعای بەردەوامی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، ئەم توانا مووشەکییە نەیتوانی ببێتە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ئاسایشی ئیسڕائیل و ڕکابەرە ناوچەییەکانی دیکەی. لە جیاتی ئەوە، تێچووی زۆر و زەوەندی ئەم بەرنامەیە، سەرچاوە داراییەکانی وڵاتی کە دەکرا لەپێناو باشترکردنی ژیانی خەڵکدا بەکار بهێنرێت، بە فیڕۆ داوە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەرکاتێکی تر، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کەوتووەتە پەراوێزەوە. تەنانەت وڵاتەکانی وەک ڕووسیا و چین کە سەردەمێک بە هاوپەیمانانی ستراتیژی ئێران دەژمێردران، بە پارێزەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵسوکەوت دەکەن. ئەم پەراوێزکەوتنە نەک هەر لە مەیدانی دیپلۆماتیکدا، بەڵکوو لە بوارەکانی ئابووری و کولتووریشدا، بەرچاو دەکەوێت. لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەڕەشەی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ترامپ بەرەوڕوو بووەتەوە و ئێران جارێکی دیکە لەگەڵ مەترسی شەڕێکیماڵوێرانکەر ڕووبەڕووە. هەموو بەڵگەکان نیشان دەدەن کە سەرکێشییە ناوچەییەکانی ڕژێمی ئێران گەیشتووەتە بنبەست و تێچووە قورسە ئابووری، سیاسی و مرۆییەکانی، وڵاتی خستووەتە بارودۆخێکی زۆر لاوازەوە. ئێستا کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگایەکی جگە لە پاشەکشە و تەسلیم بوون بۆ نەماوەتەوە. بێگومان نە شەڕ و نە دەستێوەردانی دەرەکی، هیچ کامیان ناتوانن ببنە هۆی ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵکی ئێران. کەواتە کۆماری ئیسلامی مافی ئەوەی نییە بە پێداگری لەسەر سیاسەتە سەرکێشییەکانی، ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵک بخاتە مەترسییەوە. تەنها کاتێک کە جەماوەر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیان بەدەستەوە بگرن، مەرجی پێویست بۆ سیاسەتی دەرەوە لە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی جەماوەردا فەراهەم دەبێت. سیاسەتی سۆسیالیستی لە بواری پەیوەندییە دەرەکی و نێودەوڵەتییەکاندا، وێڕای پابەند نەبوون و نەبوونە پاشکۆی هیچکام لە جەمسەرەکانی هێزە جیهانییەکان، لەسەر بنەمای هاوپشتی ئەنتەرناسیۆنالیستی و بەرگری لە خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و سوسیالیزم و هەروەها پشتیوانی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژە ی لاپەڕەی٤

لە بزووتنەوەکانی کرێکاری، ژنان، ژینگەپارێزان، بزووتنەوەی دژە ڕەگەزپەرستی و دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و یەکێتی دڵخوازانە پێکهاتووە

## سێیەم – کارەساتی قەیرانی ئاو لە ئێران و لێکەوتە وێرانکەرەکانی

ئێران لەگەڵ قەیرانێکی بێوێنەی کەم ئاوی بەرەوڕوو بۆتەوە کە ئەمنییەتی خۆراک، بژێوی ملیۆنان کەس و سەقامگیری کۆمەڵایەتی خستووەتە مەترسییەوە. کەمبوونەوەی ٢٥ لەسەدی بارانبارین لە تاران و پاشەکەوتی ٦ لەسەدی ئەو بەنداوانەی کە ئاوی پایتەخت دابین دەکەن، نموونەیەکە لە بارودۆخی قەیراناوی سەرانسەری وڵات. ڕۆچوونی زەوی بەهۆی کەڵک وەرگرتنی بێ سنوور لە سەرچاوە ژێرزەوییەکان (بە یەک ملیۆن بیر، کە ٧٥٨ هەزاریان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا لێدراون) و بەڕێوەبەرایەتی ناکارامە، ژینگەیان لەناو بردووە. لێکەوتە هەرە بەرچاو و حاشاهەڵنەگرەکانی ئەم بارودۆخە، بریتی دەبێت لە لەناوچوونی کشتوکاڵ، پەرەسەندنی بێکاری لە گوندەکان و کۆچی بە لێشاوی گوندنشینان بەرەو پەراوێزی شارەکان. پسپۆڕان هۆشداری دەدەن لەوەی کە بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە، دەبێتە هۆی لەناوچوونی هەرچی زیاتری زەوییە کشتوکاڵییەکان و ئێران ناچار دەکات پشت بە هاوردەکردنی خۆراک ببەستێت. دەوڵەت، کەمبوونەوەی بارانبارین و بەکارهێنانی بێ سنووری ئاو بۆ مەبەستی کشتوکاڵی، وەک هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە ناو دەبات، بەڵام ئەوە تەنها بەشێکە لە ڕاستییەکە. لە ڕاستیدا فاکتەرە سەرەکییەکان بریتین لە: پڕۆژەکانی دروستکردنی بەنداوی ناکارناسانە، بۆ نموونە دروستکردنی بەنداوی گەتوەند کە زەوییە کشتوکاڵییەکانی پشت بەنداوەکەی کردووە بە شۆرەکات، ڕانتخۆری سپا و تەرخانکردنی بیرە نایاساییەکان بۆ ویلای دەوڵەمەندەکان، بە فیڕۆدانی ٣٠ لەسەدی ئاوی ناو شار، بەهۆی نۆژەن نەکردنەوەی هێڵی ئاوەڕۆی شارەکان، جێگیرکردنی پیشەسازی ئاوبەر لە ناوچە بیابانییەکان لەبری کەناراوەکانی وڵات، بابەتێکی کە ئەمڕۆ نارەزایەتی بەربڵاوی خەڵکی ئیسفەهانی لێکەوتۆتەوە و بڕینی ئاوی خواردنەوەی خەڵکی یەزدی بەدوای خۆیدا هێناوە. کۆماری ئیسلامی بە پەنابردنە بەر سەرکوت لە جیاتی چارەسەرکردنی قەیرانەکان، بە کردەوە نیشانی داوە کە توانایی چارەسەرکردنی زانستیانە و سیاسیی ئەم کێشەیەی نییە. واقیعییەت ئەوەیە کە تەنها بە گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات و ڕادەستکردنی بە دامەزراوە جۆراوجۆرە هەڵبژێردراوەکانی جەماوەر، دەتوانرێت ڕێگە لە قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی ئەو کارەساتە بگیرێت. بێگومان هاوینی ١٤٠٤ ئەزموونێکی سەخت دەبێت بۆ ئێران، بەجۆرێک کە دەرئەنجامەکانی لەسەر ئابووری و داهاتووی سیاسی ئێران، کاریگەریی یەکلاکەرەوەی دەبێت

## چوارەم- سیناریۆی ورمێ، شکستخواردووی دووبەرەکی نانەوە

ڕۆژی ٢ی خاکەلێوەی ١٤٠٤، کۆبوونەوەیەکی بە ڕواڵەت ئایینی لە ورمێ، بەڵام بە پشتیوانی ناوەندە ئەمنیەتیی و ڕەوتە پان تورکیستەکان، بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری گرژی و ئاڵۆزییە نەتەوەییەکانی نێوان تورک و کوردەکان، ڕێکخرا. ئەم کردەوەیە لە دژایەتییەکی ئاشکرادا بوو لەگەڵ ڕێوڕەسمی نەورۆزی سێ ڕۆژ پێشتری ئەو شارە، کە بە ئامادەبوونی ئاشتیانەی کوردەکان، بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی تورک و نەتەوەکانی دیکە لە دەوروبەری شار بەڕێوەچوو، کە هێمایەک بوو لە پێکەوەژیانی دێرینی ئەم ناوچە فرەکولتوورییە، لەوانە (تورک، کورد، ئەرمەنی و ئاسووری). حکوومەتی ئێران بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتی دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە، لەوانە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی هاوکات لە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی تورک و کورد و تەبلیغاتی جیاوازییە ئایینیەکان، هەوڵ دەدات یەکگرتوویی جەماوەر لاواز بکات و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت. لە پشت پەردەی ئەو سیناریۆی دووبەرەکی نانەوە، شاهیدی کردەوەگەلێک بووین وەک: ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا بە زیادکردنی ناواقیعی کورسییەکانی کوردەکان بە مەبەستی دروستکردنی ئاڵۆزییەکی دەستکرد، چاوپۆشی لە چالاکی و ئامادەبوونی ڕەوتە پان تورکیستەکان، کە قیبلەنمای ئەوان بریتییە لە ئامانجە ژیۆپۆلیتیکەکانی تورکیا و ئازەربایجان، بە ئامرازکردنی شوناسی نەتەوەیی بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی کێشە هاوبەشە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری گەنجان، وشکبوونی دەریاچەی ورمێ و هتد. بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵە پیلانگێڕانە، ئاخێزی «ژن، ژیان، ئازادی» نموونەیەکی بەرچاو بوو لە هاوپشتی و هاوخەباتی فرەنەتەوەیی، کە تێیدا تورک، کورد، بەلووچ، عەرەب، فارس و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران، یەکگرتووانە لەدژی ستەم و سەرەڕۆیی، وەستانەوە. ئەم یەکگرتووییە نیشان دەدات کە ناکۆکییە نەتەوەییەکان خۆڕسک نین، بەڵکوو بەرهەمی سیاسەتەکانی حکوومەت و ڕەوتە بەرژەوەندیدارەکانە. بەڵام ئەو ڕاستییەی کە هەوڵە دزێوەکانی ئەم دواییە نەیتوانیوە هاوپشتی و هاوخەباتی خەڵکی ورمێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی شوناسە نەتەوەیی و ئایینیەکان، لاواز بکات، سەلماندی کە کاردانەوەی ئەرێنی و وشیارانە بەرامبەر بەم جۆرە ناکۆکی و دووبەرەکیانە، زەمینەی مادی بەهێزی هەیە و زۆربەی هەرەزۆری خەڵک، لە تاکتیکەکانی حکوومەت و ئامانجە دزێوەکانی کۆنەپەرستانی ناوچەیی، ئاگادارن و لە ئاستیدا بێ هەڵوێست نابن. مێژوو سەلماندوویەتی کە یەکگرتوویی لە دەوری ویست و داخوازییە هاوبەشەکانی وەک (ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری و خۆشبژێوی) تەنها ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەم و سەرەڕۆیی

## پێنجەم- بەردەوامی جینۆساید و تاوانەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لە فەلەستین

بەدوای کۆتایی هاتنی خولی یەکەمی ئاگربەستی ناسەقامگیری مارسی ٢٠٢٤، ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا، هێرشە سەربازییەکانی بۆسەر کەرتی غەززە بە شێوەیەکی توندوتیژتر دەستپێکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتە باوەڕپێکراوەکان، لەم ماوە کورتەدا و تا کۆتایی مانگی مارس، زیاتر لە ٩٢٠ کەس کوژراون و ٢٠٢٥ کەسیش بریندار بوون، کە زۆربەی قوربانییەکان ژنان و منداڵانن. سەرچاوە سەربەخۆکان باس لەوە دەکەن کە ئەم هێرشانە بە شێوەیەکی ئامانجدار پاشماوەی ژێرخانە گرنگەکان و ئەو نەخۆشخانە و بینا و خانوانەی کە مابوونەوە، لەناو بردووە. ئەم کردەوانە لە کەرتی غەززە و هەروەها لە کەناری ڕۆژاوا لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی پلان بۆ داڕێژراودا بەمەبەستی پاکتاوکردنی نەتەوەیی فەلەستین و پەرەپێدانی شارۆچکە یەهوودینشینەکان ئەنجام دەدرێت لەلایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵک وەرگرتنی خراپ لە کێشەی فەلەستین، تا ئێستا، نەک هەر هیچ یارمەتییەکی بە بەرەوپێشچوونی پڕۆسەی چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی فەلەستین نەکردووە، بەڵکوو بە پێداگری لەسەر دروشمی "لەناوبردنی ئیسرائیل" و بیانوودان بە ئیسرائیل و ئەمەریکا، زەمینەی توندتر کردنی سەرکوتی خەڵکی فەلەستینی فەراهەم کردووە. ڕێبەرانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە ڕۆژی قودس وەک ئامرازێک، بەیاننامەی ڕواڵەتی و بێ ناوەڕۆک دەردەکەن، لە کاتێکدا سیاسەتەکانیان بووەتە هۆی لاوازکردنی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی فەلەستین و بەردەوامبوونی قەیرانەکە ئەمەریکا بە پشتیوانی دارایی و چەکداری بێ شەرت و مەرج لە ئیسرائیل، ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەردەوامی جینۆسایدی فەلەستیندا هەیە. پلانی ئەم دواییانەی گواستنەوەی کاتیی نیو ملیۆن فەلەستینی بۆ بیابانی سینا، نموونەیەکی دیکەیە لە هاوکاری دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ پڕۆژەی پاکتاوکردنی نەتەوەیی. دەوڵەتی ئیسرائیل هیوادارە بە هاوکاری میسر و ئۆردۆن، پێش بە ئەگەری گەڕانەوەی پەنابەران بگرێت. هەرچەندە ئۆردۆن تا ئێستا بەرامبەر بەم گوشارانە خۆڕاگریی کردووە، بەڵام هەڕەشەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل نیشاندەری هەوڵی ئەو دوو لایەنەیە بۆ سەپاندنی پلانە دژە خەڵکییە هاوبەشەکانیان. ترامپ و نەتانیاهۆ ڕاشکاوانە ئامانجەکانی خۆیان کە بریتییە لە"چۆڵکردنی غەززە" و لکاندنی کەناری ڕۆژاوا بە خاکی ئیسرائیلەوە، ڕاگەیاندووە هەڵە ستراتیژییەکانی حەماسیش بووەتە هۆی قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکە. ئەم گرووپە بە پشت بەستن بە خوێندنەوەیەکی ناواقیعی سەبارەت بە هاوسەنگی هێز، لە جیاتی ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی غەززە بە دامەزراوە خەڵکییەکان، دەسەڵاتی ناچەکەی لە دەستی خۆیدا قۆرخ کردووە. ئەمە بۆتە بیانوویەک بۆ ئیسرائیل بۆ دەستپێکردنەوەی هێرشەکان. لە بەرامبەردا،

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بلاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بلاو دەبێتەوە.

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٠ -خاکەلێوەی ١٤٠٤ - ئاوریلی ٢٠٢٥

پێشڕەو

## درێژەی هەڵسەنگاندنی هاوبەش

بەشێک لە دانیشتوانی باکووری غەززە، خوازیاری چوونەدەرەوەی حەماس بوون، کردەوەیەکی کە کەوتووەتە بەر خراپ بەکارهێنانی لایەنە ڕاسترەوەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا

ڕێگاچارەی دەرچوون لەم بنبەستە، بریتییە لە پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی جیهانی و ڕێکخراوی دژە شەڕ و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین، بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە بەردەوامبوونی پرۆژەی داگیرکاریی ئیسرائیل. تەنها بە یەکگرتوویی هێزە پێشکەوتنخواز، کرێکارییەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ دەتوانرێت زەمینە بۆ دەستەبەربوونی دادپەروەری لە فەلەستین و پێشگرتن لە ئامێری شەڕی ئیسرائیل فەراهەم دەبێت

### شەشەم – تورکیا لەبەردەم گۆڕانکاری سیاسی، ئاڵەنگارییەکانی سەر ڕێگای ئەردۆغان

تورکیا لە گێژاوی قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نوقم بووە. دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغلو، شارەوانی ئیستانبوڵ و ڕکابەری سەرەکی سیاسی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بە تۆمەتی گەندەڵی دارایی، چەخماخەی ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی لێداوە کە بە گەورەترین ئاڵەنگاری دادەنرێت بۆ دەسەڵاتەکەی ئەردۆغان لە یەک دەیەی ڕابردوودا. "حیزبی کۆماریخوازی گەل" لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە سیاسەتی ڕاستی نیۆلیبرالی لە سەرەوەی بەرنامە سیاسییەکانی خۆی دانا و لە هەموو ماوەی هاتنەسەر دەسەڵاتی حیزبی "داد و گەشەپێدان" بە ڕێبەرایەتی ئەردۆغان، ئاراستەیەکی خۆبواردن لە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیددی لەگەڵ ناکارامەیی، گەندەڵی و سەرەڕۆیی توندی حیزبی دەسەڵاتدار، بە دروشمی "بۆ شکستی ئەردۆغان چاوەڕێی هەڵبژاردنی داهاتوو بکە"ی گرتووەتە بەر. بەڵام بە دەستگیرکردنی "ئەکرەم ئیمام ئۆغلو" خوێندکاران بە زۆری لە زانکۆی ئیستانبوڵ، ڕۆژی ١٩ی مارس، واتە ڕۆژی دەستگیرکردنی ناوبراو، بوێرانە بەربەستەکانی پۆلیسیان تێپەڕاند و بەرەو بینای شارەوانی ئیستانبوڵ ڕێپێوانیان کرد. ئەوان بەم شێوەیە چەخماخەی یەکێک لە بەربڵاوترین چالاکییە ناڕەزایەتییەکانی ئەم ساڵانەی دواییان لێدا. بە شێوەیەک کە لە ١٩ تا ٢٦ی مارس، هەموو ڕۆژێک نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە شار و شارۆچکە گەورە و بچوکەکانی تورکیا لەدەوری یەکتر کۆبوونەوە. گوشاری پێشوازی بەربڵاوی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای تورکیا لەم ناڕەزایەتییانە، "حیزبی کۆماریخوازی گەلی" هێنایە ناوەندی گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوە لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدار حیزبی دەسەڵاتدار پێش لە جێبەجێکردنی پلانی خۆی بۆ لابردنی «ئەکرەم ئیمام ئۆغلو» بە ئامانجی ڕێگری کردن لە پەیوەستبوونی کوردەکان بە ناڕەزایەتییە چاوەڕوانکراوەکان، ئاراستەیەکی بە ڕواڵەت کەمکردنەوەی گرژییەکانی لەگەڵ کوردەکان گرتبووە بەر کە لەوانە نامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ هەڵوەشاندنەوەی پ.ک.ک و پەیوەست بوونی بە پرۆسەی سیاسی تورکیاوە، بە هەنگاوێکی سەرەتای ئەو پرۆسەیە دادەنرێت. هەربۆیە لە ڕۆژەکانی سەرەتادا، وێڕای بەشداری چالاکانەی تاکەکەسی کوردەکان لە چالاکییە ناڕەزایەتییەکاندا، ڕێکخراوەکانی وەک حیزبی "یەکسانی و دیموکراسی گەلان" (DEM) یان "دەم پارتی" بە فەرمی و بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە چالاکییە ناڕەزایەتییەکاندا بەشدار نەبوون. بەڵام بە بڕیاری "دەم پارتی" بۆ پەیوەستبوون بە شێوەیەکی فەرمی بە ناڕەزایەتییەکانەوە، گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هاوسەنگی هێزدا پێکهات و ڕۆژی شەممە ٢٩ی مارس، بەشداری دوو ملیۆن و دووسەد هەزار کەس لە خۆپیشاندانە ناوەندییەکەی ئیستانبوڵ، لووتکەی بێوێنەی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەی نیشان دا. جگە لە حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان، کۆنفیدراسیۆنە کرێکارییەکانیش بە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانەوە پەیوەست بوون، بە شێوەیەک کە ئاستی بەرفراوانی ئەم ناڕەزایەتییانە، سەرەڕای دەستگیرکردنی نزیکەی دوو هەزار کەس لە هەڵسووڕاوان، حیزبی دەسەڵاتدار و خودی ئەردۆغانی غافڵگیر کردووە خوێندکاران بەتایبەتی خوێندکارانی چەپی زانکۆی تەکنیکی ئیستانبوڵ، خوێندکارانی زانکۆی ئیستانبوڵ و زانکۆکانی دیکە هێزی بزوێنەر و پێشڕەوی سەرەکی ئەم ناڕەزایەتییانەن. ناوەند گەلێکی کە لە دەیەی ٦٠ی زایینییەوە تا ئێستا، ناوەند و چاوگەی چالاکییە دیموکراتیک، دژە ئیمپریالیستی و سۆسیالیستییەکان بوون. گەڕەک و شارە عەلەوییە نشینەکان کە بەشێوەیەکی گشتی هەژار و پەراوێزکەوتوون و بە درێژایی مێژووی تورکیا و کوردستان، بەردەوام بنکەی چەپ بوون، بە پێچەوانەی ڕاپەڕینی "گیزی" ساڵی ٢٠١٣، هێشتا نەهاتوونەتە ناو گۆڕەپانەکە. بەشێک لە ڕێبەرانی کرێکاری، لەگەڵ ڕێبەرانی خوێندکاری و گرووپە چەپەکان، هەوڵ دەدەن کە بزووتنەوەکە بەرەو مانگرتنێکی گشتی بەربڵاو و کاریگەر ئاراستە بکەن، کۆنفیدراسیۆنە کرێکارییەکان ئەگەرچی خەریکی هەڵسەنگاندنی بانگەوازی مانگرتنێکی گشتین، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی نفووز و کاریگەرییان لە ئاکامی سیاسەتە توندوتیژە نیۆلیبراڵییەکانی سێ دەیەی ڕابردوو و هەروەها سەرکوتی بەردەوامی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەلایەن دەوڵەتی دەسەڵاتدارەوە، هێشتا نەیانتوانیوە مانگرتنی گشتی بکەن بە داواکارییەکی جەماوەری

ئەردۆغان، سەرەڕای لاوازبوونی جێگە و پێگەی بەهۆی قەیرانەکانەوە، هێشتا کۆنترۆڵی دامەزراوە سەرەکییەکانی وەک دەسەڵاتی دادوەری، ئەرتەش، پۆلیس، بیرۆکراسی دەوڵەتی و میدیاکانی لەبەر دەستدایە کە بە سوودوەرگرتن لە کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ٢٠١٦، هەموو دام و دەزگا دەوڵەتییەکانی تورکیای بە دەرکردنی دەیان هەزار کەس و دانانی کەسانی حیزبی و نزیک لە خۆی، سەرلەنوێ ڕێکخستووەتەوە. ئەگەرچی بەپێی یاسای بنەڕەتی ناوبراو ناتوانێت خۆی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆک کۆماری کاندید بکاتەوە، بەڵام دەرفەت و ئەگەرەکانی وەک هەڵبژاردنی گۆڕینی دەستووری بنەڕەتی، یان بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پێش وەختی، بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتەکەی لەبەردەمیدایە. بەڵام کردەوەکای ئەو بە واتای کودەتایە بە مەبەستی هەڵتەکاندنی دوا سەنگەرەکانی ئەو نیمچە دیموکراسی و پاشماوەی سیکۆلاریزمەی کە تا ئێستاش لە تورکیا بوونی هەیە، یان هەڵوەشاندنەوەی سندووقی دەنگدان و هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی تاکەکەسی ڕەها، ڕەنگ و بۆنێکی ئیسلامگەرایی و شۆڤینیزمی پان تورانیستی پێوە دیارە ئەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەرییەی کە لە ١٩ی مارسەوە سەرتاسەری تورکیای داگرتووە، بزووتنەوەیەکی جەماوەری گشتگیر و دەروشاویە لە پێناو بەرگریکردن و پاراستنی ئەو دوا سەنگەرانەی دیموکراسی. بەڵام لەسەر بەستێنی ئەو دۆخە، چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکی هەژاری ڕێکخراو، بۆ پشتیوانی و هاوهەنگاوبوون لەگەڵ بزووتنەوەکانی خوێندکاری، بزووتنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان و ژنان، نەبوونەتە هێزێکی سەرەکی لەم بزووتنەوەیەدا. گومان لەوەدا نییە کە تەنها بەم گۆڕانکارییە لە بزووتنەوەی گشتی ئێستادایە کە وڵاتی تورکیا دەتوانێت لانیکەم بەرەو دیموکراسییەکی بەردەوام و بەهێزکردنی بنەماکانی سیکۆلاریزم لە خوارەوە، هەنگاو بنێت

### حەوتەم– سووریا، ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ئاشکرای دیکتاتۆرییەکی ئیسلامگەرا بە پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتیی پێنج ساڵە

سووریای ژێر دەسەڵاتی تورکیا، ئێستا بووتە ئاوێنەیەکی باڵانوێنی ئامانج و مەبەستە سیاسییەکانی حیزبی "داد و گەشەپێدان" بە ڕێبەرایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان. پێکهاتەیەکی کە دەوڵەتی تورکیا بۆ سیستەمی سیاسی داهاتووی سووریا بە ئەحمەد ئەلشەرعی پێشنیار کردووە، نوسخەی پێکهاتەی حکوومەتێکی دڵخوازی ئەردۆغانە کە کودەتاکەی ١٩ی مارسی ناوبراو، هەنگاوێکی سەرەتایە بۆ جێبەجێکردنی. ڕاگەیاندنی حکوومەتێکی کاتیی پێنج ساڵە، بە پێکهاتەی سەرۆک کۆماری و یاسایەکی بنەڕەتی کاتیی، کە هەموو دەسەڵاتەکان دەخاتە بندەستی سەرۆک کۆمار، هیچ شتێک نییە جگە لە ڕەسمیەت دان بە جێگرتنەوەی دیکتاتۆرێکی ئیسلامگەرای نوێ، یان ئەحمەد ئەلشەرع لە جیاتی بەشار ئەسەد، دیکتاتۆری ڕوخاوی بەعسی پێشووی ئەو وڵاتە. هەڵبەت بە مەبەستی شاردنەوەی ڕوخساری قێزەونی ئەم دیکتاتۆرییە، ژێنێک و چەند کەس لە کەمایەتییەکانی کورد، عەلەوی و دروزی سووریا کە هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی و ڕاستەقینەیان لەگەڵ کەمایەتییە پەیوەندیدارەکان نییە، چوونەتە ناو کابینەکە. بەر لە دارشتنی سەرەرۆیانەی ئەم یاسا بنەڕەتییە و ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی، ڕێککەوتنێک لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی بە ڕێبەرایەتی ئەحمەد ئەلشەرع و "هێزەکانی سوریای دیموکراتیک" بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی کوردەکان و کەمایەتییەکانی تر و هەروەها تێکەڵاو کردنی پێکهاتەیی هێزی سەربازی کوردەکان لەگەڵ ئەرتەشی سووریا ئەنجام درابوو. کەواتە سروشتی بوو کە دوای بە فەرمی ڕاگەیاندنی ئەم دیکتاتۆرییە نوێیە، "هێزەکانی سووریای دیموکراتیک" ڕایبگەیەنن کە ئەو یاسا بنەڕەتییە نوێیە ڕەت دەکەنەوە. ئەگەر دیکتاتۆری سیکۆلاری بنەماڵەی ئەسەد، سووریای تووشی شەڕێکی ماڵوێرانکەری ناوخۆیی کرد، دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی ئیسلامگەرای داسەپاوی نوێش، سەرلەنوێ سووریا بەرەو هەمان هەڵدێری کارەساتبار پاڵپێوە دەنێت

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دیموکراسی و سۆسیالیزم**

**هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**شەممە ١٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ بەرامبەر بە ٥ی ئاپریلی ٢٠٢٥**

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**

@Komalamedia

@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**

Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

# پێویستی پەرەسەندنی خەبات دژ بە دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لە ئێران




هەواڵنێری مافی مرۆڤی هێرانا، لە ڕۆژێکدا کە هەواڵی تەسلیم بوونی خامنەیی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ترامپ بۆ ڕەتکردنەوەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا، بڵاوکرایەوە، ڕاپۆرتێکی مەترسیداری بڵاوکردەوە: "بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٩ی خاکەلێوە، فەرهاد شاکری، عەبدولحەکیم عەزیم گورگیج، عەبدولڕەحمان گورگیج، تاج محەممەد خورماڵی و مالیک عەلی فەدایی نەسەب، زیندانیانی سیاسی-ئەمنییەتی زیندانی وەکیلابادی مەشهەد، لەسێدارەدران." بنەماڵەی دوو کەس لە زیندانییە ئێعدام کراوەکان لە گفتوگۆ لەگەڵ هێرانا، هەواڵەکەیان پشتڕاست کردەوە.

چوار کەس لە ئێعدام کراوەکان لە شوێنکەوتووانی ئەهلی سوننە بوون و مالیک عەلی فەدایی نەسەب تەنیا تاوانبارێکی شێعە بوو لەم دۆسیەیەدا. بەڵام هەموویان لە دۆسیەیەکی هاوبەشدا و بە تاوانی "بەغی" لە ڕێگەی "ئەندامێتی لە گرووپە سەلەفییەکان" و "بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی ئەهلی سوننەتی ئێران" بە ئێعدام محکووم کرابوون. بە وتەی بنەماڵەی ئەم کەسانە کە هێشتا لە بەردەم زیندانی مەشهەد چاوەڕێی وەرگرتنی تەرمی ئازیزەکانیانن، "جێبەجێکردنی سزای ئێعدامەکان بە بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و بە بێ پێدانی دەرفەتی دیداری کۆتایی لەگەڵ بنەماڵەکانیان، بەڕێوە چووە." یەکێک لە ئەندامانی ئەم بنەماڵانە بە هێرانای وت: "بنەماڵەکان تەنیا لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، لە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی ئەم زیندانییانە ئاگادارکراونەتەوە."


ئەم دۆسیەیە ١٢ تاوانباری لەخۆگرتبوو کە لە نێویاندا ١١ کەسیان ئەهلی سوننە و یەک کەسیان واتە (مالیک عەلی فەدایی نەسەب) شیعە بوون. ئەم هاووڵاتیانە ساڵی ١٣٩٤ لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کران. نزیکەی ساڵێکی خایاند تا لە زیندانە نهێنییەکانەوە گواسترانەوە بۆ زیندانی وەکیلابادی مەشهەد. ئەم زیندانییانە مانگی بەفرانباری ١٤٠٣ لە نامەیەکدا ئازار و ئەشکەنجە و وەحشیگەرییەکانی ناو زیندانەکانی ڕژیمیان ئاشکرا کردبوو. ناوەڕۆکی نامەکە بەم سەردێڕە لەسەر ماڵپەڕەکان بڵاوکرایەوە: "زۆر جاران شاهیدی ئەوە بووین کە لە زیندانەکانی ئێراندا چی بەسەر هاوڵاتیانی بێ دیفاعماندا هاتووە." ئەم زیندانییە سیاسی-ئەقیدەتییانە لە ٦٣مین ڕۆژی کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان"دا ئێعدام کران. ئەم کەمپەینە لە ڕاگەیاندنی ئەم هەفتەیەی خۆیدا نیگەرانی خۆی لە ئەگەری لەسێدارەدرانی ئەم زیندانییە سیاسی-ئەقیدەتییانە دەربڕیبوو.

ڕاگەیاندنەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات "لەگەڵ کۆتاییهاتنی پشووی نەورۆز، کە تێیدا ژمارەی ئێعدامەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەم ببووەوە، سەرلەنوێ شاهیدی پەرەسەندنی بەرچاوی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانین. لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی سزاکەیان گواستراونەوە بۆ ژووری تاکەکەسی. بۆ نموونە ڕۆژی دووشەممە، لایەنیکەم ١٠ زیندانیی لە زیندانی قزڵحەسار گواسترانەوە بۆ بەندی ئەمن، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەری لەسێدارەدرانیان نزیکە." هاوکات لەگەڵ ئەوە، واتە ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوە، بەرامبەر لەگەڵ ٨ی ئاوریلی ٢٠٢٥، ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەسەر ماڵپەڕەکان بڵاوکرایەوە. ئاگنێس کالامار، سکرتێری گشتی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لە بارەی ئێرانەوە وتی: "لە ساڵی ٢٠٢٤دا، ئێران لەسەر کەڵک وەرگرتن لە بەکارهێنانی سیستەماتیکی لەسێدارەدان بەمەبەستی سزادانی ناڕازیانی دژبە حکوومەت لە سەردەمی بزووتنەوەی 'ژن، ژیان، ئازادی'دا بەردەوام بوو." ئامارەکانی ناو ڕاپۆرتەکە، کە بە وتەی نووسەرەکانی، ئامارێکی تێروتەسەل نییە، نیشان دەدات کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٢٤دا ژمارەی لەسێدارەدانەکانی گەیاندووەتە ٩٧٢ حاڵەت و بەم شێوەیە بە تەنیایی بەرپرسیارە لە ٦٤ لەسەدی کۆی گشتی لەسێدارەدانەکانی ناو ڕاپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٢٤. ئەم ئامارە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی، بە شێوەیەکی موتڵەق لەبواری ڕێژەی لەسێدارەدانەکان لە پلەی یەکەمدایە

ڕاپۆرتەکەی لێبوردنی نێودەوڵەتی نیشان دەدات کە بەلووچەکان لانیکەم ١٠ لەسەدی لەسێدارەدراوەکان پێکدێنن، لە کاتێکدا تەنها پێنج لەسەدی کۆی گشتی دانیشتوانی ئێرانن. هەروەها هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی هەڵسوکەوتی هەڵاواردن و جیاکاری لە دژی کۆچبەرانی ئەفغانستان لە ئێران، لەسێدارەدانی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتەش سێ هێندە زیادی کردووە و لە ٢٥ کەس لە ساڵی ٢٠٢٣وە گەیشتووەتە ٨٠ کەس لە ساڵی ٢٠٢٤دا، کە نیوەیان بە تۆمەتی مادەی هۆشبەر لەسێدارە دراون. لە ساڵی ٢٠٢٤دا لانیکەم ٣٠ ژن لە ئێران لەسێدارە دران کە هەندێکیان قوربانی توندوتیژی خێزانی بوون. چوار کەسیش کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوان، تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە، لەسێدارە دران. لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە دەرچوونی سزای لەسێدارەدان بۆ چالاکانی وەک شەریفە محەممەدی، چالاکی مافەکانی ژنان و کرێکاران، وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی، ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی کوردستانیش کردووە

ئەم ڕۆژانە ئاژانسە هەواڵییە ڕاستڕەوەکان بە ئەنقەست هەوڵدەدەن هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دۆناڵد ترامپەوە وەک مەترسی سەرەکی بۆ سەر ڕژێم و بە قازانجی هاووڵاتیانی ئازادیخواز، نیشان بدەن. بەڵام خودی خامنەیی مەترسی ناوخۆیی، واتە پەرەسەندنی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری، بۆ حکوومەتی ئیسلامی، بە مەترسییەکی گەلێک گەورەتر لە هەڕەشە دەرەکییەکانی لە قەڵەم داوە. پەرەسەندنی ڕێژەی لەسێدارەدانەکان لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام هەموو بەڵگەکان نیشان دەدەن کە چڕبوونەوەی هەنگاوە سەرکوتکارییەکان و بەتایبەتی پەرەسەندنی ڕێژەی لەسێدارەدانەکان، تەنها تووڕەیی و ئیرادەی ئازادیخوازان بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامی سەرمایە، بەهێزتر دەکات و دواڕۆژی دەسەڵاتی ڕێژیم نزیکتر دەکاتەوە

****



# دایکانی دادخواز، داغدار بەڵام جەسور و تێکۆشەر




**دایکانی دادخواز کێن؟**

لەگەڵ گیانبەختکردنی ژمارەیەك لاو لە کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جەماوەریی ژن، ژیان، ئازادی دا، ڕێکخراوێکی مەدەنی سەری هەڵدا کە دوای ماوەیەک نازناوی دایکانی دادخوازی لەخۆ گرت ئەم ڕێکخراوە جەماوەرییە کە ئاوێتەیەکە لە دایکانی ئەو ئازیزانەی کە لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ژینا دا گیانیان بەختکرد و گەلێک لە دایکانی دڵ بریندای دەستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای پێکهاتنیەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ بەردەوام خەریکی چالاکی بوون و لە دژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی خەباتیان کردووە. ئەو ڕێکخراوەیە بەهۆی پیوەندیەك کە لەگەڵ لاوانی گیانبەختکردوو هەیانە، بەردەوام لە لایەن جەماوەری خەڵکی ناوخۆی ئێران و ئازادیخوازان و خەباتکارانی دەرەوەی وڵات ڕێز و حورمەتیان لێ دەگیرێت ئەم ژنە نەترس و خەباتکارانە نەتەنیا بەردەوام خوازیاری وەدیهاتنی مافە پێشێلکراوەکانی ڕۆڵەکانیان بوون، بەڵکوو وەکو بەشێك لە بزووتنەوەی ژنان و سەرجەمی بزووتنەوەی جەماوەریش، بە دەربڕینی دروشمی ئازادیخوازانە و ڕادیکاڵی خۆیان، دەور و نەخشیان لە سەپاندنی داهێنەرانەی شێوازی خەباتی ڕاشکاوانە و جەماوەریشدا هەبووە ئێستا ئیتر دایکانی دادخواز تەنیا خۆیان بە دایکی ئەو گیانبەختکردوانە نازانن کە لە شۆڕشی ژینا دا گیانیان لە دەست داوە، بەڵکوو ئەوان بەشداری هەموو نارەزایەتی و خەباتێکن و بەردەوام ئەوە وەبیر دێننەوە کە سەرجەمی ئەو کەسانەی کە لە خاوەران خەڵتانی خوێن کراون و سەرجەم گیانبەختکردووە بێ ناونیشانەکانیش بە ڕۆڵەی خۆیان دەزانن و لە دادنامەکانیشیاندا لە دژی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوانیان لە پاڵ ڕۆڵەکانی خۆیاندا داناوە هاوپشتیی خەباتکارانەی ئەم ژنە بەجەربەزانە بەڕادەیەکە کە خەمی نەمانی ڕۆڵەکانیان بە هاودڵی و هاوخەمی لەگەڵ دایکانی تازیەباری دیکە سارێژ دەکەن دایکانی دادخواز لە ڕەوتی خەباتی خۆیاندا و بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتکارانەی ڕۆڵەکانیان، فێری ئەوە بوون کە بەچ شێوەیەك خۆ بگەیەننە هەموو ئەو شوێنانەی کە نارەزایەتی و جموجۆڵێکی لێیە و هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی تر لە دژی ئەشکەنجە و دەستدرێژی و ئێعدام و بە مەبەستی ئازادی زیندانیانی سیاسی، دروشمەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە دایکانی دادخواز هەروەك خۆشیان زۆرجار ئاماژەیان پێکردوە، خۆیان بە دایکی هەموو ئەو گەنجانە دەزانن کە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا گیانیان لە دەست داوە، خۆیان بە دایکی هەموو ئەو گەنجانە دەزانن کە لەم ساڵانەدا یەخسیری ئەشکەنجەگاکانی ڕژێم بوون و ئێستاکەش هەن بەبڕوای ئەو دایکە جەرگ سووتاوانە گرینگ نییە کە ڕۆڵە گیانبەختکردوەکانیان سەر بە چ ڕەوتێکی سیاسی بوون. هۆکاری هاوپشتیی ئەوان، ئازیزانی لە دەست چوو و خەمی هاوبەش و خواستی هاوبەشی ئەوانە. خواستی هاوبەشی هەموویان، بریتی بووە لە ناساندن و بەسزاگەیاندنی بکوژانی ڕۆڵەکانیان و ئازادیی بێ شەرت و مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام دایکانی دادخواز سەرەڕای ئەوەیکە بەردەوام لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەژێر چاودێری دان و هەرتاوناتاوێک ژمارەیەکیشیان لێ زیندانی دەکەن و هەر ئێستاکەش چەند کەسێکیان لە زینداندان، بەو حاڵەشەوە بە بەشداریی بەردەوامیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا، بە دەربڕینی ڕاگەیاندنی هاوپشتی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە دەربڕینی هاوخەمیی هەمیشەیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، خۆشەویستی و جێگەوپێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە زۆربەی خەڵك لە نزیکەوە ئاشنای ئەو ژنە لەخۆبوردوو و خەباتکارانە و ئاگاداری هەڵوێستە ڕادیکاڵ و مرۆییەکانی ئەوانن و لە هەموو شوێنێك و هەمیشە لە لایەن جەماوەرەوە ڕێزیان لێدەگیرێت. ئەو دایکانە نەتەنیا لە لایەن جەماوەری خەڵکی ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت، بەڵکوو لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ پشتیوانی لەوان و خەباتەکەیان، گەلێك ئاکسیۆن و کۆڕ و کۆمەڵ وەڕێ دەخرێن ئەوە تەنیا دایکانی دادخواز نین کە خوازیاری ئازادی بێ ئەملاولای سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانن، ئەوە تەنیا دایکانی پارکی لالە نین کە پێیانوایە ئێعدام کوشتنی بەئەنقەستە و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدامن، ئەوە تەنیا دایکانی دادخواز نین کە لە بەرامبەر تووندوتیژی و هەڵاواردنی سەر ژنان بێدەنگ نابن، سەرجەم دایکانی جەرگ سووتاوی وڵات، دایکانی سەرجەم زیندانیانی سیاسی، هەموو ژنان و هەموو مرۆڤە شەریف و مرۆڤدۆستەکانی وڵات، خوازیاری ئازادیی بێ ئەملاوئەولای زیندانیانی سیاسی و نەیاری هەرچەشنە تووندوتیژی و کوشت و کوشتارێکی مرۆڤەکانن. پێویستە بە تەواوی تواناوە لە دروشمە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوە خەباتکارە کە دەڵێن زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت و سزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە، پشتیوانی بکرێت

****

# توندوتیژی دژ بە ژنان سووکایەتییە بە مرۆڤایەتی

توندوتیژی دژ بە ژنان یەکێك لە دیاردە دژی ئینسانی و پر ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. ئەم دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییە کە بەرهەمی تەمەنی دوور و درێژی دەسەڵاتی پیاوسالاری بە سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدایە و نیزامی سەرمایەداری سەردەمی ئێمەش هۆکاری درێژە پێدانیەتی، سنوورێك ناناسێت و لە هەموو شونێکی جیهان داغی خۆی ئەنێتە سەر دڵی ژنان و برینداریان دەکات. ئەگەرچی ئەم ئازارە زۆرتر بە سەر دڵی ژنانی کۆمەڵگا هەژار و سوننەتی و دواکەوتووە مەزهەبییەکاندا قوورسایی دەکات، بەڵام تەنانەت ژنانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش لە دەستی ڕزگاریان نەبووە دیاریکردنی ئاماری دروستی توندوتیژی لە دژی ژنان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری بە ئاشکراو و شاراوەدا، بە وردی مومکین نییە. ئاخۆ ئەبێ چەندە بە ئاماری ناوەندە ڕەسمییەکان و دەوڵەتەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاد بکەین تاکوو ڕێژەی واقیعی ئەم ئازارە کۆمەڵایەتییەمان دژ بە ژنان دەستبکەوێت؟ بەم حاڵەشەوە بیستنی هەر ئەو ئامارە نیوە و ناتواوانەش موچڕك بە لەشی ئینساندا دێنێت ئەگەرچی توندوتیژی شاراوە و نادیار دژ بە ژنان گەلێك ئاسایی بووەتەوە، بەڵام ئاسەواری لە سەر جەستە و دەروونی ژنان، بەردەوام کارەساتی دەڵتەزینی لێدەکەوێتەوە. گەلێك لەو ژنانەی کە جەستەی خۆیان ئاگر تێبەر دەدەن و ژیانیان تێدا دەچێت، لەژێر کاریگەری توندوتیژی نادیار و تانە و تەشەری ڕۆژانەدا دەست دەدەنە ئەو کردەوەیە. ئەوان خۆیان تێدا دەبەن چونکە لەمە زیاتر ئەم هەموو سووکایەتییەیان پێ تەحەمول ناکرێت. ئەوان تووشی دەردی بێ هیوایی دەبن و لەم ڕێگەیەوە بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم چارەنووسەی کە بۆیان دیاریکراوە دەردەبڕن شێوەگەلێك لە توندوتیژی لە شوێنی کاردا لە لایەن خاوەنکار و هاوکارانی پیاوەوە بەڕێوە دەچێت کە ژنان بۆ پاراستنی ئابڕو، یان پاراستنی کارەکەیان و یان بۆ پێشگرتن بە کارەستاتێك، بە بێدەنگی بە سەریدا تێپەڕ دەبن و چاوپووشی لێدەکەن. ئەم تانەوتەشەرانەی کە لە ناو بنەماڵەکاندا و لە شوێنی کاردا ژنان دەکەنە ئامانج، وەها ئاسەوارێکی جێ کەوتوو و درێژماوە لە سەر دەروونیان دادەنێت کە گەلێك جار تەنانەت خۆیشیان نازانن چ کاریگەریەکی رووخێنەری بە سەریانەوە هەیە. کچانێك کە ڕێگای خوێندنیان لێ دەگیرگێت، کچانێك کە بە زۆر لە پای دار تەون دادەندرێن، کچانێك کە بە زۆر بە شوو دەدرێن، کچانێك کە دەبنە خوێنبایی کێشە عەشیرەتییەکان، کچانێك کە لە کایە و تەفریحی منالانەیان بێبەش دەکرێن و دەبێت شان بەشانی دایکیان خەریکی کاری تاقەت پرۆکێنی ناو ماڵ بن، ئەمانە هەموویان قوربانی جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژین کە بەرچاو ناکەوێت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی، هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی ئەم ڕژیمە لەگەڵ ژنان نیشانەیەکی توندوتیژی پیەوەدیارە. حیجابی زۆرەملێ، جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە مەدرەسە و ئیدارە و دەرەوەدا، بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی تەکلیف بۆ کچان لە مەدرەسەکان، بەیاسایی کردنی هاوسەرگیری کچانی تەمەن نۆ ساڵ، ، بێبەشکردنی ژنان لە زۆربەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشییەکان و بێبەشکردنی ژنان لە مافی سەرپەرستی کردنی منالەکانیان لە کاتی جیابوونەوەدا، ئەمانە و گەلێك نموونەی دیکە دیاردەگەلێکی توندوتیژی دژ بە ژنانن کە بە شێویەکی بەردەوام لە ئێران بەڕێوە دەچن توندوتیژی دژ بە ژنان تەنیا ئازارێك نییە بۆ سەر ژنان،

درێژە لە لاپەڕەی ٩

درێژە ی لاپەڕەی ٨

بەڵکوو لە هەمان کاتدا سووکایەتییە بە هەموو ئینسانەکان بە ژن و بە پیاوەوە. ئەم سووکایەتی‌یە، مایەی شەرمەزاری بەشەرییەتە و کەم و زۆر نابێت تەحەمول بکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە توندوتیژی دژ بە ژنان گەلێك بەرین و فرە ڕەهەندە، خەبات لە دژی ئەم توندوتیژییەش، بەربڵاو و بەهێزە. لە زۆریەك لە وڵاتانی جیهان ئەم خەباتە، دەوڵەتەکان و سەرجەم کۆمەڵگای ناچار کردووە کە میکانیزم گەلێك بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی بخەنە کار. بەڵام لە وڵاتێکی وەکوو ئێران کە توندوتیژی دژ بە ژنان بە پێی شەرع و یاسا بەڕێوە دەچێت و لێپرسینەوەی نییە، ئەم خەباتە گەلێک پڕ گیروگرفت و پڕ پێچ و پەناترە. بەڵام هەر لەم وڵاتەشدا بە هیمەتی ژنانی شۆڕشگێڕ و خەباتکار، ئاسۆیەکی هیوابەخش لە خەبات دژ بە توندوتیژی کراوەتەوە. بزووتنەوەی ژنان لە ئێران یەکێك لە کۆلەکە بەهێزەکانی خەباتی ئازادیخوازانە و ڕزگاریبەخشی ئێرانە. شۆڕشی ژینا بە دروشمی ڕزگاریبەخشی ژن، ژیان، ئازادی، نەک هەر حکوومەتی ئیسلامی و یاسا و ڕێساکانی، بەڵکوو لە هەمان کاندا کۆمەڵگای پیاوسالاڕ و هەموو ئەو داب و نەریتانەشی کردە ئامانج کە سەرەتاێترین مافەکانی ژن پێشێل دەکات. ئەم خەباتە کۆمەڵگای ئێرانی یەک هەنگاوی گەورە بەرەوپێش برد، بەجۆرێک کە ئەم کۆمەڵگایە هەرگیز ناگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ژینا ئەمڕۆکە هەڵسووڕاوانی ئەم بوارە بە ورە و وزە و توانایيەکی زۆرترەوە و بە شێوەگەلێکی ئامانجدار تر و بە پشت بەستن بە پشتیوانی کۆمەڵی ژنانی چەوساوە و ستەملێکراو، نەبەردی خۆیان دژ بە توندوتیژی و بۆ ڕزگاری یەکجاری ژنان لە هەر چەشنە ستەمێك بەرەوپێش دەبەن

****

# ڕێژیمی ئیسلامی چۆن ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە بە فەرمی بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا سەپێنرا؟




١٢ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی سەپێنرانی ڕێژیمێکە بەسەر خەڵکی ئێراندا کە بە "کۆماری ئیسلامی ئێران" ناودێر کرا. ٤٦ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، داگیرکەرانی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە ڕێبەرایەتی خومەینی، لە ڕێگەی نمایشێکەوە بە ناوی "گشتپرسی لە خەڵکی ئێران"، دەسەڵاتی جەهل و خوڕافات و سەرکوتی خۆیان بەسەر ئەم وڵاتەدا بە فەرمی ڕاگەیاند. دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، لە کاتێکدا کەشوهەوای سیاسی ئێران لێوانلێو بوو لە هیوا بە ئازادی و دادپەروەری و، جەماوەری خەڵک بە تەواوی لە ناوەڕۆکی بیروباوەڕ و ئامانجی کۆنەپەرستانەی داگیرکەرانی شۆڕش تێنەگەیشتبوون. خومەینی و دارودەستەکەی بە ئامانجی چەسپاندنی حکوومەتی ئیسلامی، پلانی ڕیفراندۆمێکی فێڵبازانەیان دارشت. ئەوان بە هێنانەگۆڕێی پرسیاری «کۆماری ئیسلامی» یان گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی، بە شێوەیەکی فێڵبازانە ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێرانیان کە لە سیستەمی پێشوو بێزار بوون، خستە تەنگژەیەکی ئەخلاقییەوە. دەنگی «بەڵێ» نەک بە واتای پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو تەنها نیشانەری ڕق و بێزاری جەماوەر بوو لە دەسەڵاتی پاشایەتی بێگومان لە دۆخێکدا کە کۆمەڵانی خەڵک فیداکارانە و لە ئاستێکی بەرفراواندا لە ڕاپەڕین بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پەهلەویدا بەشدارییان کردبوو، بەهۆی ڕق و بێزارییان بەرامبەر بە ڕژێم و سیستەمی پێشوو، بە پێچەوانەی ویستی دەروونییان، بەشێکیان بە ناچاری لەبەر ئەوەی هیچ بژاردەیەکی دیکە نەبوو، هەڵبەت بەشێکیشیان لەڕووی وەهم و خۆشباوەڕیەوە، دەنگی «بەڵێ»یان هەڵبژارد و خستیانە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە هەڵبەت هەر ئەو کات ئەو بەشە لە خەڵک کە سروشتی دەسەڵاتی ئایینی و بەهێزبوونی کۆنەپەرستانیان، هاوشێوەی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆری سیستەمی شاهەنشاهی دەزانی، نەک هەر ئەم ڕیفراندۆمەیان بایکۆت کرد، بەڵکوو تا ئەو جێگایەی کە دەتوانرا، کۆمەڵانی خەڵکیشیان بۆ بەشدارینەکردن لەو بەناو هەڵبژاردنەدا هاندا. بەرپرسانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، لە ڕێگەی بەهرەمەند بوون لەو دەرفەتانەی کە بەدەستیان هێنابوو، هەروەها بە بەکارهێنانی ئەو تریبوونانەی کە لەبەردەستیاندا بوو، ئەنجامی بەناو گشتپرسییەکەیان بە قازانجی خۆیان و بەناوی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاگەیاند. بە ڕێژەی ٩٨ لەسەد بەشداریکردن و ڕەزامەندبوون! ئیدعایەک کە تەنانەت لەگەڵ لۆژیکی جوگرافی و دانیشتوانیشدا ناتەبا بوو هەر ئەو کاتەش بەشێکی بەرفراوان لە خەڵک، لەو یەکەم نمایشی هەڵبژاردنەدا بەشدارییان نەکرد، بەڵام کۆماری ئیسلامی، یەکەم ئاماری ساختەی خۆی لەو بەناو ڕیفراندۆمەدا ڕاگەیاند و بانگەشەی ئەوەی کرد کە گوایە زیاتر لە ٩٨ لەسەدی خەڵک لە نمایشی «کۆماری ئیسلامی بەڵێ یان نا»دا بەشدارییان کردووە. ئەم ئیدعایەی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ڕادەگەیەنرا کە خەڵکی کوردستان بە حەشیمەتێکی چەند ملیۆنی، سەرەڕای ئەو فریوکارییە ئاشکرایە، وشیارانە، لەم ڕیفراندۆمەدا بەشدارییان نەکرد و بەم شێوەیە ڕەوایەتییان بە ئەم ڕژێمە نەدا. ئەم ڕژێمە تەنانەت شانسی ئەوەشی نەبوو کە ناوەندەکانی هەڵبژاردنی خۆی لە کوردستان دابمەزرێنێت. ئەم سەرپێچی و نافەرمانییە، بوو بە سەرەتایەک بۆ ٤٦ ساڵ خەباتی چەکداری و مەدەنی لە کوردستان. تەنانەت بۆ زۆرێک لە ناوچە دوورەدەستەکانی سەرانسەری ئێرانیش بەرگەی هەڵبژاردن نەنێردرا. لە چەندین شوێن و لەوانە چەند ناوچەیەک لە تورکمەن سەحرا، سندوقی دەنگدان دانەنرا. لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش زۆرێک لە هاوڵاتیان، سەرەڕای گوشارەکان، لە ماڵەوە مانەوە یان بەرگەکانی دەنگدانیان پووچەڵ کردەوە. بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە، نەریتی ساختەکاری و «ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردن»ی بنیات نا ئەمڕۆ ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئێران، دەستخۆشی دەکەن لە خەڵکی کوردستان و سەرجەم ئەو کەسانەی کە وشیارانە لەم نمایشی ڕەوایەتیدان بە ڕژێمی ئیسلامیدا بەشدارییان نەکرد. ئەمڕۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، ژنان، لاوان، کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، نەتەوە ژێردەستەکان و زۆرێک لە چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، خوازیاری ڕووخانی ئەم ڕژێمەن. بەڵام ئامانجێکی لەو شێوەیە تەنها بە دووبارەکردنەوەی دیمەنە پڕ جۆش و خرۆشەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٣٥٧، ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و ئەمجارەیان بە بینینی ڕۆڵی وشیارانە و ڕێکخراوی چینی کرێکار لە مەیدان و بوارە جیاجیاکاندا، دەستەبەر دەبێت. با دەست لەناو دەستی یەکتر و بە ئیرادەی ملیۆنی خۆمان، بەستێنی شۆڕشێکی لەو شێوەیە فەراهەم بکەین. کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر خەون و خەیاڵ نییە، بەڵکوو چارەهەڵنەگرە. بەڵام ئەمجارەیان، سەرکەوتنی ڕاستەقینە، بۆ زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر دەبێت. جەماوەرێکی کە دەزانن، ئازادی و یەکسانی نەک بە وەهم و خۆشباوەڕی، بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی وشیارانە، بەدەست دێت ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، ئەگەر بۆ کۆماری ئیسلامی، چل و شەشەمین ساڵیادی دەستپێکی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری ئیسلامییە، بۆ کۆمەڵانی خەڵک، ساڵیادی ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی ڕۆڵی کۆمەڵانی خەڵکە لە شۆڕشێکی شکۆداردا و ساڵیادی دەستپێکی ڕژێمێکی کۆنەپەرست و ساڵیادی بەردەوامی تەمەنێک سەرکوت، سووکایەتی، تەحەمولی هەژاری و برسێتی و هەروەها دەستپێکی چل و شەشەمین ساڵی زەوتکردنی سەرەتاییترین ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانە لە ڕۆژی دامەزرانی حکوومەتی جەهل و جینایەت و وێرانکاری کۆماری ئیسلامیدا، جێگای خۆیەتی یادی کۆمۆنیستەکان، شۆڕشگێڕان و پێشەنگانی ژن و پیاو، کە لە پێناو ڕێگریکردن لە بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم دەسەڵاتە دژە مرۆڤە و بەدیهێنانی ئامانجە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی ئێران، لە مەیدانەکانی خەبات یان لە زیندانەکاندا، گیانیان بەخت کرد، بەرز ڕابگرین. ئەمڕۆ یادی ئیلهام بەخشی ئەوان، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە یارمەتیمان دەدات لە خەبات و تێکۆشانی بێوچان، نەخشەمەند، ڕێکخراو و بەردەوام لەدژی ڕژێمی ئیسلامی و سیستەمی سەرمایەداری. بەڵام بەدیهاتنی ئەم ئامانجە، پێویستی بە یەکگرتوویی، ڕێکخراوبوون، پێکهێنانی ناوەندێکی ڕێبەری و خۆبواردن لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردووە. دەبێت بە ئەزموون وەرگرتن لە مێژوو، پێش بە سەرلەنوێ بەرهەمهاتنەوەی هەر چەشنە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ستەمکار بگیرێت

****

# تورکیا لە بەردەم قەیراندا: چارەنووسی ئەردۆغان و داهاتووی ناڕوونی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە




قەیرانە سیاسییەکانی ناو دەستەڵاتی تورکیا کە بۆ ماوەی دوو دەیە لە لایەن حیزبی داد و گەشەپێدانەوە واتە (ئاک پارتی)، حیزبێکی کە لە لایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغانەوە ڕێبەری دەکرێت، تا ڕادەیەک کۆنترۆڵ کرابوون، ئێستا لە سەر بەستێنی قەیرانێکی ئابووریدا کە بەرۆکی بە سەرمایەداری تورکیا گرتووە، سەرلەنوێ سەریان هەڵداوەتەوە. تورکیای ئەمڕۆ لە گێژاوی قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نوقم بووە. دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو، شارەوانی ئیستانبووڵ و ڕکابەری سەرەکی سیاسی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بە تۆمەتی گەندەڵی دارایی، چەخماخەی نارەزایەتییەکی بەرفراوانی لێداوە کە بە گەورەترین ئاڵەنگاری دادەنرێت بۆ دەسەڵاتەکەی ئەردۆغان لە یەک دەیەی ڕابردوودا. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئابووری تورکیا بە دابەزینی بێوێنەی لیرە و هەڵاوسانی بەردەوام، کۆمەڵگای تورکیای لە ڕووی ئابوورییەوە خستووەتە یەکێک لە دژوارترین قۆناغەکانی چەند دەیەی ڕابردوو. ئاشتی لەگەڵ کوردەکان کە بڕیار بوو بە پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەست پێبکات، بە کردەوە گەیشتووەتە بنبەست و شکستی هێناوە.

دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو، شارەوانی ئیستانبووڵ و ئەندامی دیاری پارتی گەلی کۆماریی (جە هە پە)، نیشانەی بەرزترین ئاستی گرژییە سیاسییەکانی تورکیایە. دادگایەک لە ئیستانبووڵ ناوبراوی بە تۆمەتی گەندەڵی دارایی، تا کاتی دادگایی کردن دەستبەسەر کرد، هەنگاوێکی کە لەلایەن نەیارەکانییەوە بە بابەتێکی "سیاسی" و نیشانەی "سەرکوتی سیستماتیکی" دژبەرەکان لە قەڵەم دەدرێت. ئیمام ئۆغڵو، کە لە ڕاپرسییەکاندا لە ئەردۆغان لە پێشترەوەیە، ئەم تۆمەتانەی بە "بوختان" ناوبردووە و لەسەر بێبنەمابوونیان جەختی کردۆتەوە ئەم دەستگیرکردنە نەک هەر کاردانەوەی توندی پارتە دژبەرەکانی لێکەوتەوە، بەڵکوو بۆتەهۆی سەرکۆنەکردنی ڕێبەرانی ئەورووپاش. مەنسوور یاواش، شارەوانی ئانکارا و هاوحیزبیی ئیمام ئۆغڵو، ئەم کردەوەیەی بە " شەرمەزاری بۆ سیستەمی دادوەری" ناوبردووە. لە لایەکی ترەوە، دەوڵەت بە ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە هۆکار و پاڵنەرێکی سیاسی، پێداگری لەسەر سەربەخۆیی دادگاکان کردۆتەوە و هۆشداری داوە کە نارەزایەتییەکانی سەر شەقام "بە توندی سەرکوت دەکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەزاران کەس لە ئیستانبووڵ، ئانکارا و ئیزمیر، ڕژانە سەر شەقامەکان و وێڕای بەرزکردنەوەی دروشمی دژ بە دەوڵەت، خوازیاری ئازادکردنی ئیمام ئۆغڵو بوون. پۆلیس دەستی کردووە بە سەرکوتکردنی نارازییان و تا ئێستا زیاتر لە ٣٢٠ کەسی دەستبەسەر کردووە. ئەم نارەزایەتییانە، کە بە گەورەترین شەپۆلی نارەزایەتی دادەنرێت لە کاتی خۆپیشاندانەکانی پارکی گەزی لە ساڵی ٢٠١٣ەوە، نیشانەی نارەزایەتییەکی قووڵە دژ بە سیاسەتەکانی ئەردۆغان و چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی ناوبراودا هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی سیاسی، بەهای لیرەی تورکیا گەیشتووەتە نزمترین ئاستی مێژوویی خۆی و هەڵاوسانی ساڵانە بۆ زیاتر لە ٦٠ لەسەد بەرز بووەتەوە. سیاسەتە نائاساییەکانی ئەردۆغان لە کەمکردنەوەی نرخی سوود، سەرەڕای هەڵاوسانێکی بەرز، متمانەی وەبەرهێنەرانی بیانی لەناو بردووە و قەیرانی دراوی پەرە پێداوە. ئەم بارودۆخە، ژیانی ملیۆنان کەسی لە تورکیا بە توندی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. گرانبوونی نرخی خواردەمەنی، وزە و شوێنی نیشتەجێبوون، گوشارێکی بێوێنەی خستووەتە سەر چینی کرێکار و توێژە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگا

یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی بەردەم دەوڵەتی ئەردۆغان، بریتییە لە شکستیهێنانی بەکردەوەی پڕۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان. ئەگەرچی ئەم پڕۆسەیە هەرگیز بە فەرمی دەستی پێنەکرد، بەڵام پەرەسەندنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکووری سوریا و عێراق و دەستگیرکردنی چالاکوانانی کورد لە ناوخۆی تورکیا، نیشان دەدات کە ئەردۆغان وای پێ باشترە، لەبری گفتوگۆکردن، درێژە بدات بە سەرکوتکردن ئەردۆغان کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە وەک سەرۆک وەزیران و دواتریش سەرۆک کۆمار، تورکیای ڕێبەری کردووە، ئێستا لە لاوازترین پێگەی سیاسی خۆیدایە. هۆکاری سەرەکی لاوازبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئابووری، سەرکوتی دژبەران و شکستهێنانی لە چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هێشتا کۆنترۆڵی دامەزراوە سەرەکییەکانی وەک دەسەڵاتی دادوەری، پۆلیس و میدیاکانی لە دەستدایە لە ڕووی یاساییەوە، ئەردۆغان تا ساڵی ٢٠٢٨ ناتوانێت دووبارە خۆی بۆ سەرۆک کۆماری کاندید بکاتەوە، مەگەر ئەوەی کە پارلمان هەڵبژاردنێکی پێشوەختە پەسەند بکات. بەڵام تەنانەت لە ئەگەری هەڵبژاردنی پێشوەختەشدا، شانسی سەرکەوتنی ناوبراو بەهۆی نارەزایەتییە گشتییەکانەوە ناڕوونە. ئیمام ئۆغڵو، لە ئەگەری ئازادبوونی و ناونووسکردنی خۆی وەک کاندیدی هەڵبژاردن، دەتوانێت ڕکابەرێکی جیددی بێت بۆ ئەردۆغان لەگەڵ ئەوەشدا، ئەردۆغان ڕێگای تریشی بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی لەوانە: گۆڕینی دەستوور بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی سنوورداریەتی ماوەی خولەکانی سەرۆک کۆماری، یان زیادکردنی گوشار لەسەر دژبەران لە ڕێگەی ئامرازەکانی دادوەری و ئەمنییەوە لەبەردەستدایە. بەڵام هەر یەک لەم هەڵبژاردانە، لە هەمان کاتدا لێکەوتەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم ڕووداوانە کۆمەڵگای تورکیایان خستووەتە یەکێک لە قۆناغە مێژووییە چارەنووسسازەکانی خۆیەوە. لە لایەکەوە، نارەزایەتییە بەربڵاوەکان و یەکگرتوویی بێوێنەی نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، نیشان دەدات کە کۆمەڵگای تورکیا خوازیاری ئاڵوگۆڕە. لە لایەکی تریشەوە، ئەردۆغان سەلماندوویەتی کە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەیدا، ئامادەیە پەنا بباتە بەر هەر کردەوەیەک ئەگەر ئەردۆغان بتوانێت نارەزایەتییەکان سەرکوت بکات، ئابووری ولاتەکەی بە یارمەتی دەرەکی جێگیر بکات و دژبەرانی دابمرکێنێتەوە، لەوانەیە تا ساڵی ٢٠٢٨ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەم سیناریۆیە، تەنانەت ئەو دێموکراسیە بۆرژوازییە نیوە و ناتەواوەی تورکیاش لەناودەبات و ئەردۆغان دەخاتە سەر ڕێچکەی بنیاتنانی دیکتاتۆرییەتێکی ڕەها و و بەردەوامی دەسەڵاتەکەی، تەنها پشت ئەستوور دەبێت بە هێزی سەرکوت

تورکیای ئەمڕۆ لەگەڵ پرسیارگەلێکی بنەڕەتی سەبارەت بە شوناسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەوەی کە ئایا ئەم وڵاتە هەروا لەسەر پەیڕەوکردنی مۆدێلی ئیسلامی-نەتەوەیی ئەردۆغان بەردەوام دەبێت، یان دەگەڕێتەوە بەرەو سیستەمی سیکۆلاری ئاتاتورکی؟ ئایا ئەم خاڵە مێژووییە، دەرفەتێک دەبێت بۆ بەهێزبوونی سۆسیالیستەکان و چینی کرێکاری وشیار و کۆتایی هێنان بە سەردەمی دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری لە تورکیا، یان هێشتا دەرفەتێکی مێژوویی بۆ هاتنەئارای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتە نەڕەخساوە؟، نەک هەر پەیوەستە بە داهاتووی تورکیاوە، بەڵکوو هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی دەریای ناوەڕاستیش، دیاری دەکات بەڵام هەتا ئێرە، ئەوەی کە دڵنیایەوە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگای تورکیا، لە بواری ئازادییە دێموکراتیکەکاندا کۆمەڵێک دەستکەوتی بەدەست هێناوە کە ڕێگە بە ئەردۆغان نادات بە ئاسانی لەناویان ببات. کۆمەڵگای تورکیا، بە تایبەتی چینی کرێکار و توێژی لاو، چیتر ئامادە نین ئەم ئاستە لە سەرکوت و ڕیازەتی ئابووری تەحەمول بکەن. لەمڕووەوە دوور نییە کە دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغڵو، لە نێوان سیناریۆ جیاوازەکاندا، لانیکەم سەرەتایەک بێت بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ٢٢ ساڵەی ئەردۆغان

****

# ڕێکخستنی مانگرتنی گشتی و سەراسەری شێوەکارێکی خەباتکارانەی کاریگەر





بارودۆخی ژیانی خەڵک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دژوارتر دەبێت. نرخی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك لە بازاڕ بە شێوەیەکی سەر سووڕهێنەر کە بۆ جەماوەری کرێکار و هەژار و دەستتەنگ لەتاقەت بەدەرە، زیادی کردووە. لەمەودوا ژیانێکی گەلێك دژوارتر و هەژارییەکی پشووبڕتر چاوەڕێی زۆربەی هەرەزۆری جەماوەری خەڵکی ئێران دەکات. لەمەودوا دەبێ چاوەڕێی ئەوەبین کە ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵك بکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە. مناڵانێکی زۆرتر ڕوو بکەنە سەر شەقامەکان، خەڵکێکی زۆرتر بێ خانەولانە بکەونەوە، بێکارانێکی زۆرتر لەپاڵ دیوارەکان لە چاوەڕوانیدا دابنیشن. ژنان و کچانێکی زۆرتر کەرامەت و تەمەنی لاوی و سلامەتی خۆیان بفرۆشن، مناڵانێکی زۆرتر بەڕەنگ زەردی و لاوازی و نەخۆشی ببینین. لاوانێکی زۆرتر تووشی ئێعتیاد ببن و ببن بە کارەسات بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان ، کۆمەڵانی خەڵك کە دەزانن چ ڕۆژانێکی سەخت تر لە ڕابردوو چاوەڕێیان دەکات، کەوتوونەتە جموجۆڵ و دەنگی ناڕەزایەتی لەهەموو لایەکەوە بەرز بوەتەوە. لەهەموو شوێنێك باس و مەشغەڵەی خەڵك بۆتە باسی گرانی و چاوەڕوانی ڕۆژانی دژوارتری داهاتووە. هەر لەو ڕۆژەوە خەبات ٢ خۆڕاگریی خەڵك لەدژی گرانی پەرەی سەندووە، ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەری خەڵك بەرەو ئەوە دەچێ کە پانتایی هەموو وڵات بگرێتەوە. ئەمڕۆ ئەم ناڕەزایەتییە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەبەر. هەمووان دەزانن کە بەرامبەر بەم هەلومەرجە نالەبارە ناتوانن و نابێ بێدەنگ دابنیشن. هەمووان دەزانن کە ئەم هەلومەرجە بەرەو خەراپتر بوون دەچێ و لە تاقەت بەدەر دەبێ، لە هەمان کاتدا هەمووان ئەوەش دەزانن کە بە خۆڕاگریی و بە خەباتی لەیەك دابڕاو و پرشوبڵاو و لێرەولەوێ بە هیچ ئاکامێك ناگەن جەماوەری خەڵکی ئێران لەگەڵ ئەوەشدا کە خەباتی جەماوەڕیی پڕ ئەزمونیان هەیە، هێشتا نەیانتوانیوە تواناییەکانی خەباتکارانەی خۆیان لەسەریەك کۆبکەنەوە و بەکاری بێنن. کۆماری ئیسلامی کە پۆتانسێل و توانایە واقعییەکانی کۆمەڵانی خەڵی ئێران دەناسێ، خۆی بۆ گەلێك هەڵچوونی لەناکاوی جەماوەری ئامادە کردووە و هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی خۆی لە زۆربەی شوێنە هەستیارەکانی شارەکان بۆ بەرەوڕوو بونەوە لەگەڵ ڕووداوگەلێکی لەو چەشنە دامەزراندوە بەڵام گیروگرفتی سەرەکی ئەوەیە کە هێشتا بەرەی خۆڕاگریی و خەباتی جەماوەری خەڵك پرشوبڵاوە. هێشتا تۆڕی کۆڕ و کۆمەڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە یەکیان نەگرتۆتەوە و ئیرادەی یەکگرتووانەی خۆیان شکڵ پێنەداوە. بێگومان کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی دەست تەنگ، بەپێی ئەزموونی ژیانی خۆیان ئەوە دەزانن کە بەبێ هێنانەمەیدانی هێز و توانای جەماوەریی خۆیان، ناتوانن بەر بە ستەمکاری و زوڵمی زۆرداران بگرن. کەوابێ پرسیار بۆ هەمووان ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە چۆن دەچێتە پێش و ئەم تواناییە چۆن بەکردەوە دەردێت؟ لە هەلومەرجی ئێستادا خوێندکارانی زانکۆکان و بزووتنەوەی خوێندکاری ئەرکێکی گرینگ و تایبەتیان لە سەر شانە. پێویستە ئەوان نەك هەر لە بیری شکڵ پێدان بە حەرەکەتی ڕێکخراوی خۆیان لە ناو بزوتنەوەکەی خۆیاندابن، بەڵکوو پێویستە بیر و بۆچوونی ڕادیکاڵ و خەباتکارانە بەرانبەر بە هەلومەرجی ئێستا ببەنە ناو بەرەینترین چین و توێژەکانی خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراوی کۆمەڵگا. لەم پێناوەدا پێویستە بیرۆکەی بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی و سەراسەری، بۆ ناچارکردنی ڕژیم بە دەست هەڵگرتن لە سیاسەتی لابردنی یارانەکان، ببەنە ناو جەماوەر و پەرەی پێبدەن و پێداویستییەکانی بەکردەوە دەرهاتنی وەها بیرۆکەیەك ئامادە بکەن



ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەداری قەیران لێدراوی ئێران، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکەی خۆیان و بۆ گەرەنتی کردنی درێژەی تەمەنی ئەو ڕژیمە، ڕێگایەکیان نییە جگە لە هێرش بردن بۆ سەر ئاستی بەڕێچوونی ژیانی کرێکاران و زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە، هەر هێرشێك بە پێویست بزانن بۆ سەر ژیان و بەڕێچوونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ئەنجامی دەدەن، ئەوان هەموو ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵگا وەلادەنێن بۆ ئەوەی کە بە میلیاردها دۆلار بگەڕێنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و پێداویستییەکانی گەشەی سەرلەنوێی سەرمایەداری ئێران ئامادە بکەن. لەوەها هەلومەرجێکدا چینی کرێکار و خەڵکی هەژار و دەستەنگیش، پێویستە ڕیزەکانی خۆیان یەکبخەن و خۆیان بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان ئامادە بکەن. نابێ ڕێگا بدرێت کە سەرمایەداری ئێران پێ لەسەر شانی چینی کرێکار دابنێ و بیکات بە پەیژە بۆ دەربازکردنی خۆی لەم قەیرانە ئەگەر لەلایەکەوە نرخی پێداویستییەکانی ژیان، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادیان کردووە، پێویستە ویستی زیادکردنی حەقدەستەکان بە پێی ئاستی هەڵاوسان و گرانی، ببێت بە یەکێك لە بەپەلەترین و سەرەکیترین داخوازییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران. ئەم داخوازییە گەلێك عادڵانەیە و زیاتر لە هەمیشە پشتیوانی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگای ئێرانی لەپشتە. کۆڕوکۆمەڵ و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە بەلێکدانەوەی ئەم هەلومەرجە نوێیە، خەبات بۆ بردنەسەرەوەی حەقدەستەکان بکەن بە ئامرازێك بۆ یەکگرتووکردنی خەباتی پرشوبڵاوی کرێکاران ئەگەرچی هەر شکڵێك لە دەربڕینی ناڕەزایەتی و مانگرتن بەمەبەستی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتی نوێی ڕژیم و ناچارکردنی بە پاشەکشە گرینگی خۆی هەیە، بەڵام تێکشکاندنی بەتەواوەتی ئەم سیاسەتە، لە گرەوی خەباتێکی یەکپارچە و یەکگرتووانە و سەراسەریدایە. لەم پێناوەدا کاریگەرترین تاکتیك و شێوەیەك لە خەبات کە دەتوانێ پۆتانسێل و توانایی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم پووچەڵ بکاتەوە و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵك لە قوڕگی ئەم ڕژیمە دەربکێشێت، بریتییە لە وەڕێکەوتنی کۆمەڵێك مانگرتنی گشتی و سەرتاسەریی. ئەوە ئەرکێکە کە پێویستە لە ئێستاوە خۆمان بۆ بەرێوەبردنی ئامادە بکەین

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 460-April 2025
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# بارودۆخی کەمئەندامان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیدا

لە کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی ١٤٠٣دا، وێنەیەکی تاڵ لە بێدادی پێکهاتەیی لە ئێران دووبارە بووەوە: کۆمەڵێک لە کەمئەندامان لە بەردەم بینای سەرۆک کۆماریی کۆبوونەوە، تا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بگەیەننە گوێی بەرپرسانێکی کە ساڵانێکە، وادە و بەڵێنەکانیان لە پشت کێوێک لە بروکراسییە ئیدارییەکاندا شاردووەتەوە. ئەم نارِازییانە، هێمایەکن لە نزیکەی ٩ ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەسی کەمئەندام لە ئێران، کە نەک هەر بەردەوام بەهۆی گرفت و بێتوانایی جەستەیی و زەینی، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ بەرەوڕوو دەبنەوە، بەڵکوو لە ژێر باری گوشاری ئابووری و پشتگوێخستنی سیستە ما تیکی حکومەتیشدا، پەراوێز خراون بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی بێهزیستی، تەنها ٣ ملیۆن کەس لە کەمئەندامان لە ژێر چاوەدێری و خزمەتگوزاریی ئەم ڕێکخراوەدان و لەم ژمارەیەش، ملیۆنێک و شەش سەد هەزار کەسیان مووچەی لەکارکەوتوویی وەردەگرن. ئەمە لە کاتێکدایە کە یارمەتی مانگانەی ئەم کەسانە لە نێوان ١ بۆ ٣ ملیۆن تمەن یان بە واتایەکی تر (١٠ بۆ ٣٠ دۆلار)دایە. یارمەتییەکی کە تەنانەت لە باشترین حاڵەتدا، کەمترە لە یەک لەسەر دەی هێڵی هەژاری فەرمی وڵات. سەید جەواد حوسەینی، سەرۆکی ڕێکخراوی بێهزیستی، بە بانگەشەی زیادکردنی یارمەتییەکان لە ٣٢٠ هەزار تمەنەوە بۆ ٣ ملیۆن تمەن، شانازی بە خۆیەوە دەکات، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە ئەم برە زیادکردنە، لە سایەی هەڵاوسانی بەردەوامی ٤٠ لە سەدی، لەوەش کە هەیە بێبایەختر دەبێت بابەتێکی دیکەی جێگەی نیگەرانی، بریتییە لە قورسایی هەژارییەکی لەرادەبەدەر لەسەر ژیانی ٥٣٠ هەزار کەمئەندامی توند و زۆر توند، کە نە کاریان هەیە، نە هیچ سەرچاوەیەکی داهات و نە هیوایەک بە گۆڕدرانی دۆخەکە. حکوومەت بە تۆمارکردنی فەرمی تەنها یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەمئەندام، بەکردەوە بوونی زیاتر لە ٨٠ لە سەدی ئەم کەسانە پشتگوێ دەخات، وەک ئەوەی کە ئەم مرۆڤانە لە حیساباتی سیاسی ئەو سیستەمەدا هیچ جێگایەکیان نەبێت کەمئەندامان لە ئێران لە گێژاوێکی بێبەشییەکاندا گرفتارن و وا پێدەچێت هیچ ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لێی بوونی نییە ٢ بۆ ٣ ملیۆن تمەن، برە پارەیەکە کە ڕێکخراوی بێهزیستی وەک یارمەتی مانگانە دەیدات بە کەمئەندامانی توند. بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی کارەساتەکە، تەنها پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم برە پارەیە، تەنانەت بەشی کڕینی یەک جۆر دەرمانی تایبەت، یان دابینکردنی تێچووی پێداویستییە سەرەکییەکانی یەک ڕۆژی کەسێکی کەمئەندامان ناکات. لە ناوچە سنورییەکانی وەک سیستان و بەلووچستان یان کوردستان، ئەم بێبەشییە چەند هێندەیە. شوێنێک کە ئەو کەسانەی بەهۆی مینە جێماوەکانی سەردەمی شەڕ یان سەرکوتی کۆڵبەرانەوە کەمئەندامان بوون، لە بێدەنگیدا گیان لەدەست دەدەن شەقامەکانی ئێران بۆ کەمئەندامان، وەک مەیدانی مین وایە: ڕێگە و پیادەڕۆی نەگونجاو، دەست پێڕانەگەیشتن بە ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی و هەروەها ئەو ماڵ و بینا حکومییانەی کە سەرەتاییترین ستاندارتەکانی پێویستیان بۆ کەمئەندامان تێدا ڕەچاو نەکراوە. بەڵام کەمئەندامانی دەروونی و زەینی، تەنانەت لەگەڵ دیوارێکی بەرزتریش بەرەوڕوون: تێڕوانینی سووکایەتی ئامێزی کۆمەڵگا و ئەو تابۆ کلتوورییانەی کە بنەماڵەکان ناچار دەکەن، ئەوان لە کونجی ماڵەکاندا بشارنەوە ئەگەرچی ماددەی ٢٧ی یاسای پشتگیری لە مافی کەمئەندامان، دامەزراندنی ٣ لەسەدی ئەم کەسانەی لە ناوەندە حکومییەکاندا کردووە بە بابەتێکی پێویست، بەڵام ئاماری ڕاستەقینە، نزیک بە سفرە. خاوەنکاران، تەنانەت لە ئەگەری دامەزراندنی کەمئەندامان، بە حەقدەستێکی زۆر کەم و لە هەلومەرجێکی سووکایەتی ئامێزدا کاریان پێدەکەن. لە بواری پەروەردەشدا، تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم لە قوتابخانەکانی وڵات کەلوپەل و پێداویستییە سەرەتاییەکانی قوتابیانی کەمئەندامیان هەیە ڕێکخراوی بێهزیستی، لە جیاتی بەرگریکردن لە کەمئەندامان، بووەتە باسکی سەرکوتی حکوومەت. گەندەڵی ٣٠٠ ملیارد تمەنی لە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی، فرۆشتنی زەوییەکانی تایبەت بە کەمئەندامان بە کەسانی نزیک لە دەسەڵات، تەنها چەند نموونەیەکن لە بوونی گەندەڵی سیستەماتیک لەم دامەزراوەیەدا کۆبوونەوەی بەردەم بینای سەرۆک کۆماری، لە مانگی ڕەشەمەی ١٤٠٣دا، ئەڵقەیەکی دیکە بوو لە زنجیرەی نارەزایەتییەکانی کەمئەندامان. پێشتریش، لە مانگی بەفرانباری ١٤٠٢دا، کۆمەڵێک لە کەمئەندامان بە کۆبوونەوە لەبەردەم ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە، خوازیاری جێبەجێکردنی ماددەی ٢٧ی یاسای پشتگیری لە کەمئەندامان بوون. ماددەیەکی کە بەناو مافی مانگانەی یەکسان لەگەڵ لانیکەمی حەقدەست، گەرەنتی دەکات، بەڵام هیچ کات نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، کەمئەندامان نەک هەر لە مافی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکە بەهرەمەندن، بەڵکوو تەکنەلۆژیا و یاسا پشتگیرییەکان، ئیمکانی ژیانی سەربەخۆ و بەشداری کۆمەڵایەتییان بۆ فەراهەم کردوون. لە ئاڵمان، کەمئەندامانی توند، مانگانە نزیکەی هەزار و پێنج سەد یۆرۆ یارمەتی وەردەگرن، لە کاتێکدا لە ئێران، ئەم برە بە زەحمەت دەگاتە ٣٠ دۆلار کەمئەندامانی ئێران ئەمڕۆ لەسەر دووڕێیانی ترس و هیوادا وەستاون. لە لایەکەوە، گوشاری ئابووری و بێباکی و کەمتەرخەمی حکوومەت، زۆرێک لەوانی نائومێد کردووە و لە لایەکی دیکەوە، تروسکاییەکی بچووکی بەرخۆدان و خۆڕاگریی لە شێوەی کۆبوونەوە و لەقاودانی مەدەنیدا هێشتا زیندووە. ئەزموونی جیهانی نیشان دەدات کە باشتربوونی دۆخی کەمئەندامان، نەک هەر چاکە و مەرحەمەتی حکوومەت نییە، بەڵکوو ئاکامی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی خۆیان و هاوپەیمانەکانیانە. تا ئەو کاتەی کە بودجەی ئێران لە پێناو سەرکوتی ناوخۆیی و ئاژاوەگێڕییە نیزامییەکاندا خەرج دەکرێت، کەمئەندامان ناچارن ئەم هەلومەرجە قبووڵ بکەن. بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە تەنانەت سەختترین دیوارەکانی ستەم و سەرەڕۆییش، سەرەنجام ڕۆژێک بە ئیرادەی بەکۆمەڵ تێکدەڕووخێت

****

دواستون

## نەورۆزی ١٤٠٤، هاوارێک لە دژی سەرکوت و بانگەوازێک بۆ ئازادی

ڕێوڕەسمی نەورۆز و جەژنی بەهار، کە هێمای دەستپێکی وەرزێکی نوێیە، بەهۆی دژایەتییەکانی ڕژێمێکی ئایینییەوە، بە کردەوە بووەتە ئامرازێک بۆ نیشاندانی حزووری کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە درێژایی دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران، نەورۆز تەنها جەژنی نوێبوونەوەی سروشت و تەنها نەریتێکی کلتووری نەبووە؛ بەڵکوو مەیدانێک بووە بۆ خۆڕاگریی مەدەنی و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی دەسەڵاتدار. ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ، سەرەڕای هەوڵەکانی ڕژێم بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن یان دەستبەسەرداگرتنی، هێمایەک بوون بۆ نیشاندانی هێزی بەکۆمەڵ و توانای بەرزی ڕێکخستن و ڕێکخراوبوون یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستان، بریتی بوو لە ئامادەبوونی بەرچاوی ژنان و کچان بەبێ حیجابی ئیسلامی لە ڕێوڕەسمە گشتییەکاندا. لە کاتێکدا کە ڕژێم لەم ساڵانەی دواییدا بە توندکردنەوەی یاساکانی حیجابی زۆرەملێ و بەکارهێنانی توندوتیژی دژی نارازییان، هەوڵی داوە کە ڕێوشوێنە ئایدیۆلۆژیکەکانی خۆی بسەپێنێت، ژنانی ئازادیخواز لە هەموو شارەکان و زۆربەی گوند و ناوچەکانی کوردستان، بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و شادی و سەمای بەکۆمەڵ، نەک هەر نەریتەکانی نەورۆزیان زیندوو ڕاگرت، بەڵکوو بە کردەوە سەرجەم یاسا و ڕێسا دژە ژنەکانی حکومەتیان نایە ژێرپێ لە هەندێک لە ڕێوڕەسماکاندا دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بەرز کرایەوە. بەشداربووان ڕێوڕەسمە پڕ لە سەما و شادییەکانیان بە بەهاری ئازادی ناوبرد. ئەم ڕێوڕەسمانە وەبیرهێنەرەوەی ئاکسیۆنە خەباتکارانە و بوێرانەکانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا و دروشمەکانی جەماوەری بوێر و فیداکار بوون. ئاخێزێکی کە هێمای هاوپشتی و هاوخەباتی پتەوی نێوان جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان و شارەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان بوو. ئەم شادییە بەکۆمەڵە، لەسەر بەستێنی قەیرانە قووڵە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێران، واتایەکی دوو ڕەهەندی بەخۆیەوە گرت. لە لایەکەوە هەژاری بەربڵاو، بێکاری لەڕادەبەدەر (بەتایبەت لە نێوان گەنجاندا)، بێبەشبوونی زۆرینەی خەڵک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی تەندروستی و پەروەردە، هەڵاواردن و نایەکسانی، دەستێوەردانی حکومەت لە بچووکترین بوارەکانی ژیانی تایبەتی کەسەکان و گەندەڵی بەردەوام، تووڕەییەکی قووڵی لەناو کۆمەڵگادا دروست کردووە، سەما و هەڵپەڕکێی بەکۆمەڵی ژنان و پیاوان، لەم چوارچێوەیەدا، تەنها شادی نییە، بەڵکوو هاوکات هاوارێکە لەدژی سەرکوت و بانگەوازێکە بۆ ئازادی

خاڵی سەرەکی لە بەرێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستان، بریتی بوو لە ئاستی بەرزی خۆڕێکخستنی جەماوەر. سەرەڕای کۆسپ و ئاڵەنگارییە ئەمنییەکان و گوشارەکانی حکومەت، چالاکوانانی مەدەنی و گرووپە پێشڕەوەکان لە کوردستان، توانییان بە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە خۆجێییەکان و پەیوەندییە بەربڵاوەکان، ڕێوڕەسمەکان لە دەیان شوێندا هەماهەنگ بکەن. ئەم سەرکەوتنە، نیشانەی بوونی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە بەدەر لە کۆنترۆڵی حکومەت کار دەکەن. ئەم توانایی و پۆتانسێلە، بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا کە ڕژێم لەگەڵ توندترین قەیرانەکانی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی خۆیدا بەرەوڕووە، دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە و شوێندانەر لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا

****